# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (154) بەرواری 15-10-2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


“ شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان”

## ئامادەیی نوێ و ڕابەرانی ڕوو لە گەشە...


بـەشی پێنجەم...ل13

## وتەی ژمارە

# گرنگی هاتنە مەیدانی بەرەی سێهەم لە جەنگی ئیسرائیل و فەلەستیندا!!

**عەبدوڵا مەحمود**

کردەوەی تیرۆریستی ڕێکخراوی حەماسی ئیسلامی لە حەوتی ئەم مانگەدا و بۆسەر شارە یەهودی نشینەکان و ئاهەنگی جوەکان و دەستپێکی هێرش و بۆمباباران و ئابلۆقەیەکی تری دەوڵەتی ئیسرائیل، بۆسەر غەزە، لەتیاییدا بە هەزارن ئینسان کوژراون و بریندار و دەستگیر و رفێنران، کە بەشی هەرە زۆرییان خەڵکی مەدەنین، لە بنەرەتدا ریشەی لە داگیرکاری دەوڵەتی فەلەستین لەلایەک و حزب و لایە سیاسی و ئیسلامیە ئینسان کوژەکاندایە کە مامەڵە بە کیشەی فەلەستینەوە دەکەن، روویدا.



داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل لە ناوەراستی چلەکانی سەدەی رابردووەوە بۆ سەر سەرزەمینی فەلەستینیەکان و جێگیرکردنی بەردەوامی یەهودیەکان لەسەر خاکەکەیان و سەندنەوەو بێبەشکردنی فەلەستینیەکان بۆ ژیان کردن لەسەر زەمینی خۆیان و هاوکات کاردانەوەی وەحشیانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بە نارەزایەتی خەڵکی فەلەستین لەدژی داگیرکاری و نیشتەجێکردنی یەهودیەکان لەسەر خاکەکەیان، هۆکاری سەرەکی جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکانە.

بەپێچەوانەی بانگەشەی پوچی ئەمریکا و غەرب کە ئیسرائیل مافی بەرگری لەخۆ کردنی هەیە، ئیسرائیل لە یەکەم رۆژی داگیرکردنی سەرزەمینی فەلەستینیەکانەوە، لە هێرش و داگیرکاری بەردەوام بووە. هیچ کات ئیسرائیل لە حاڵەتی بەرگریدا نەبووە، بەپێچەوانەوە هەمیشە لە هێرشبردندا بووەو لەبەرامبەردا فەلەستین هەمیشە لەحاڵەتی بەرگری لە خۆی و مانەوەیدا بووە. ئیسرائیل ئەو کاتانەی شەری کردووە، هەر جێگایەکی لەشەرەکاندا داگیر کردبێت، دواتر لێی نەکشاوەتەوەو لە جێگای کشانەوە کەوتۆتە نیشتەجێکردنی یەهودییەکان و دروستکردنی شاری یەهودینیش و ئەو کاتانەش ئاگربڕ " ئاشتی" کراوە و گفتوگۆ دەستی پێکردووە، دوبارە ئیسرائیل لە سایەی ئاشتیدا هەر خەریکی داگیرکاری و شارنیشین سازکردنی بۆ یەهودیەکان و کوشتنی لاوانی فەلەستینی و داسەپاندنی ئابلۆقە و کردەوە پلانی تیرۆریستی بووە لە رێگای

بۆ لاپەڕە 2

# ڕێکخراوبوون مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەرییە!



جارێکی تر و لە درێژەی بزوتنەوەی بەردەوامی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا لە پێناو داخوازی موچەدا، بەشێکی بەرین لە مامۆستایان، مامۆستایانی وانەبێژ، کرێکارو کارمەندانی تەندروستی، کرێکارانی شارەوانی، خوێندکارانی زانکۆکان... لە کۆبونەوە و بایکۆت و نارەزایەتی دەربریندان. دیارە چ بایکۆت و چ کۆبونەوەی

بۆ لاپەڕە 3

# خواستی موچە لە گەمەو ململانێی ناوخۆیی و لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییدا...




خواستی موچە و دابەشکردنی لەکاتی خۆیدا، بۆتە خواستی سەرجەم موچەخۆرانی کوردستان و لەوەش زیاتر ئەم مەسەلەیە بۆتە هۆی دوبارەهێنانەوەی بزوتنەوەکە بۆ سەرشەقام لەرێگای کۆبونەوە، بایکۆت و لە هەندێک جێگاش مانگرتن. هەروەها ئەم کێشەیە بۆتە گوشاریش لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام چەند بۆتە گوشار لەسەر دەسەڵات، هێندە زیاتریش بۆتە کایەیەک بۆ ململانێی

بۆ لاپەڕە 3

## کتێبی“ ژن، ژیان، ئازادی“ لە چاپ دەرهات و نووسەری کتێبەکە، ئامانج و ناوەڕۆکی کتێبەکە، دەخاتە روو...ل6

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


*دوای دوو سەدە خەباتی ناسیۆنالیزمی کورد، دیسانەوە ئاشبەتاڵ..............................ل4

*نەوزاد عومەر وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە...................................................ل5

*دەبێت بەرەنگاری هێرشی ڕەگەزپەرستی ببینەوە!..........................................ل6

*”بۆچی سۆشیالیزم“ ناوی وتارێکە بە قەڵەمی ئەلبێرت ئاینشتاین.............................ل9

*ئاگری شەڕی ئیسرائل زەرورەتێکی هەنوکەیی زلهێزەکانە......................................ل10

*مانۆری سەربازیی *تۆفانی ئەقسا...........................................................ل11


## دۆسیەی ژمارە “ سەبارەت بە کوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان”



هاوڕێ خەسرەو سایە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل14-15


ل8 کۆشەی ئەدەب و هونەر | ل7 پرسی ژن | ل5 پرسی ڕۆژ

# درێژەی وتەی ژمارە

دەزگای هەواڵگری و باندە ئینسان کوژەکانی موسادەوە.

لەهەموو ئەو مێژووە دوورو درێژەدا، ئەمریکاو غەرب نەک هەر لەپشتی دەوڵەتی ئیسرائیل بوون، بەڵکو هەمیشە هاوکار و پشتیوانی بوون و لە چەکیان هەڵکیشاوە. تەنانەت لەهەموو ئەو مێژوودا لەبەرامبەر گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا ئەگەر ئیسرائیل ئامادەی ڕیکەوتن و ئاشتی بووە و داوای لێکراوە بە پابەند بێت بەبریاری نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکەوتنامەکان، لەوانە داواکاری لە ئیسرائیل بۆ چۆڵکردنی سەرزەمینی فەلەستینیەکان، دوبارە ئیسرائیل پابەندی هیچ کام لە بریارەکانی ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕیکەوتنامەکانی تر نەبووە و ئەمریکا و غەربیش بێدەنگیەیان لە پابەند نەبوونی ئیسرائیل و بەردەوامی هیرشەکانی کردووە، ئەوە لە کاتێکدایە لە هەر گۆشەو کەنارێکی تری دنیادا ولات و دەوڵەتێک کە پابەندی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان نەبوو بێت، هەر بەو پاساوە بە بیانوی پابەند نەبوون بە بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە هیرش و پەلامار و کردەوەی سەربازی و وێرانکاریان لەدژی بەدەستەوە گرتووە، تا لەورێگایەوە ئامانجەکانی تریان بەدەست بهێنن. عیراق نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم مامەڵەی دەوڵەتی ئەمریکا و غەرب و تەنانەت پاساوەکانیشان بۆ هیرشەکانیان پوچ دەرچووە.

ئەو مامەڵەی ئەمریکاو غەرب لەگەڵ کێشەی فەلەستین و بەرگری ئاشکرا لە ئیسرائیل، ئەمریکا و غەربی کردۆتە بەشدار و کاراکتەرێکی سەرەکی لە هەموو ئەو تاوانکارییەی چەندین دەهەیە خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیل دەکاتە قوربانی و ڕۆژهەلاتی ناوەراستیشی بە نائارامی هیشتۆتەوە.

چوارچێوەی هەر کام لە جەنگەکان و بەیەکدادانەکان، لە هەر برگەیەکدا تایبەتمەندی خۆی هەبووە و هەوڵدراوە رای گشتی دنیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بشێوێنرێت. کردەوەی تیرۆرسیتی ئەم جارەی حەماس بۆسەر شارە یەهودی نشینەکانی ئیسرائیل و ئەو تراژیدیا ئینسانیەی بەدوای خۆیدا هێنا، یەکسەر ئەمریکا و غەرب لە ژێر ناوی" دەوڵەتی ئیسرائیل مافی بەرگری لەخۆکردنی هەیە" دەستی ئیسرائیلیان ئاوەڵاکرد بۆ تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل تا خەڵکی ئابلۆقەدراو و بێتاوانی فەلەستین لە غەزەدا قەسابی بکات و ئاو کارەبا و سوتەمەنی و دەرمان و کۆمەکی ئینسانی لە زیاتر لە دوو ملیۆن ئینسان ببرن، کە لەلایەکەوە بەکردەوە خۆیان زیندانی کراون و لەلایەکی تریشەوە قوربانی دەستی زوڵمی و ملهوری حەماسن.

ئەمریکا و غەرب بۆ لەقاڵبدانی رای گشتی دنیا، وەکو دوای ١١ سێبتەمبەر، کە وتیان "یان لەگەڵ تیرۆریت یان لە دژی تیرۆر" و دنیایان شەقی ناو لایەنگری یان رەتکردنەوەی کرد، لە جەنگی ئەم جارەشدا، بە کەڵک وەرگرتن لە کردەوەی تیرۆریستی حەماس، دەیانەوێت کۆمەڵگەی بەتەواوتی شەق بکەن بەوەی یان "لەگەڵ حەماس یان ئیسرائیلیت"، دیارە بەر لەهەموو شت ئەم ئاراستەیە بۆ ئەوەیە رەوایەتی نێودەوڵەتی و رای گشتی بخاتە پشتی هێرشی وەحشیانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بەسەر خەڵکی غەزە و فەلەستینیەکان و رێگای لەرەوت و هیزی سێهەم بگرێت، کە هەم داگیرکاری و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل و هەم ملهوری و کردەوە تیرۆریستی و تەنانەت مامەڵەی حزب و رەوتە ئیسلامیەکان بە کیشەی فەلەستینەوە، ئیدانە دەکات و خوازیاری چارەسەری کیشەی رەوای فەلەستینە. نابێ بیرمان بچیت ریکخراوەی حەماس لەلایەن ئەمریکا و غەربەوە هاوکاری کراو بەهیز کرا تا لەبەرامبە بەرامبەر بە رێکخراوەی رزگاریخوازی فەلەستین و لایەن قەومیەکانی، بەدەستیەوە بگرن.

لەم جەنگە ئاشکراو خوێناوییە دژی ئینسانیەدا کە لە ئێستادا دوو بەرەی ئینسان کوژی" دەوڵەتی ئیسرائیل و ریکخراوە ئیسلامیەکان" وەستاون. میدیا ئەمریکا و غەربی بە ئەندازەی ئینسانکوژی لە جەنگەکەدا، کۆمەڵگەی ئینسانیان کردۆتە نیشانەی مێشک شۆردنەوە و بەلارێدا بردنی راستییەکان. لە ئەمریکا و ئەوروپادا رەهەندیکیان وەرێخستووە کەبەشێکی زۆری خەڵک بخەنە پشتی رەوایەتی بەخشین بە ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل بەناوی "بەرگری لەخۆ کردن" و لە دنیای عەرەبیدا بەشێکی زۆری خەڵک بەپاساوی دژە ئیسرائیلی و رۆڵی حەماس وەکو "بەرگریکار" کردۆتە هاوسۆزی حەماس و کردەوە تیرۆریستیە ئینسان کوژیەکەی... بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئیران بەهۆی دژایەتیان لەگەڵ جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی کە هاوکات پشتیوان و هاوکاری لەبەرەی تیرۆریزمی ئیسلامی دەکات، کەوتوونەیە پشتی ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیلی و خەڵکی کوردستانیش کە بەدەست زوڵم و تاوانکاریی بەعس و ناسیونالیزمی عەرەبەوە ناڵاندویانە کەوتونەیە پشتی دەوڵەتی ئیسرایلی" دژە عەرەب". هاوکات ئیسلامیەکانی کوردستان و دنیا بەزوربەی "شیعەو سونیانەوە" و بە بێگوێدانە ناکۆکی و جەنگ و ململانێی نێوانیان باوەشیان بەیەکدا کردوەو، فرمیسکی ساختە بە خەڵکی مستەزعەفی فەلەستین و غەزە هەڵدەوەرینن، هەر ئەو تیپە لە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، لە بەرامبەر ملهوری و هێرشی بەردەوام و وەحشیانەی دەوڵەتی تورکیادا بۆسەر خەڵکی کوردستان، نەک دەنگیان لێوە نایەت، بەڵکو بەرگری لە کردەوە ئینسانکوژی و ملهوریەکانی ئەردوغان و سوپاو دەوڵەتەکەی دەکەن.

ئەم کەمپەینی راگەیاندن و هاوکارییەی ئەمریکاو غەرب لە دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەو هاوکاری و پشتیوانیەی ئیران و گروپە ئیسلامیەکان و لە حەماس، دۆخێکی مەترسیداو خوێناوی تر دەخاتە ڕوو، کە لایەکەوە ئەگەر پەیوەست بوونی لایەنی تر بەجەنگ زیاد دەکات و لەلایەکی تریشەوە هەر لە ئێستاوە دەستی دەوڵەتەکانی ئاوڵاکردووە بۆ هێرش بۆسەر سەرەتاییترین مافی ئینسان بەوەی کۆبونەوەی نارەزایەتی و ساز بکات. زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپای بە پاساوی بەرگری لە حەماس ریگە لە خۆپیشاندان و کۆبونەوەی نارەزایەتی دەگرن بە دژ دەوڵەتی ئیسرائیل و کوشتاری فەلەستینیەکان، تەنانەت هەرەشەی دەرکردن و سەندنەوەی سەنەدی مانەوەی بەردەوامیش لە خەڵک دەکەن، ئەمەش پێشهاتێکی یەکجار مەترسیدارە. جیا لەوانە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ناوجەرگەی ئەوروپاش دەکات جیگایەک بۆ دەستوەشاندن بەتایبەت لە خەڵکی مەدەنی یەهودی... بۆیە وەستانەوە بەو دۆخە بۆتە ئەرکێک بۆ بەرەی ئینسانی چەپ و ئینسانی و کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی.

لەو نێوەدا و لەسایەی ئەم راگەیاندن و بۆمبارانە تەبلیغی و مێشک شۆردنەوەیدا، هێشتا ئۆردی سێهەم کە فریوی دەزگا راگەیاندنەکانی ئەمریکا و غەرب و ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەبی و ئیسلامیەکانی نەخواردووە، هێزی هەرە گەورەی کۆمەڵگەی ئینسانیە. وە چارەنووسی ئەم جەنگ و ململانێی خوێناویەش بە جەنگی راگەیاندنی مێشک شۆردنەوەشەوە، بەم هێزە کاریگەرەی سێهەمەوە گرێی خواردووە، ئەگەر ئێستا گوێ بیستی ئەوە دەبیین کە ئیدانەی کردەوەی ئینسانکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکرێت، و یوئین و ریکخراوەی نەتەوەیەی گرتوەکان ناچارە بێتە دەنگ و تا ڕادەیەک لەبەرامبەر بریارەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەوەستێت، ترسە لەو هێزەو لە ژێر گوشاری ئەو بەرەی سێهەمەدایە.

بەرەی ئینسان و دۆست و ئازادیخواز لەپاڵ خەڵکی ئیسرائیل و فەلەستین، کە هێزێکی گەورەی دنیای ئەمڕۆیەو بەسەدان هەزار ئینسانی کاراو چالاکی لە حزب و رێکخراو کۆڕ و کۆمەڵە و ناوەندو دەزگاکاندا لە ئاستی جیهانیدا هەیە، ئەرکیەتی ئامادەیی خۆی لە دڵی هەلومەرجی پر مەترسیداری ئێستادا نیشان بدات و بێتە مەیدانەوە. ئەم هێزە دەبێ و ئەرکیەتی هۆکاری ریشەیی شەری ئیسرائیل و بەرگری خەڵکی فەلەستین نیشانی دنیا بدات. ئەرکیەتی پشتیوانی ئەمریکا و غەرب وەکو هۆکاری بەردەوامی داگیرکاری و ملهوری ئیسرائیل بخاتە ڕوو وە لەدژی بوەستیتەوە. کاریگەری میدیا وێرانکەرەکەی نیشان بدات و ریسوای بکات و ئامانجەکانی پشتی نیشان بدات و حەقیقەتەکان بخاتە ڕوو. ئەرکیەتی ماهیەتی خۆبەستنەوەی گروپ و لایەنە قەومییە عەرەبیەکان سات و سەودایان بە کیشەی خەڵکی فەلەستینەوە، ئاشکراتر لەوەی هەیە بکات. نیشان بدات و هۆکاری سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامیەکانی لەچەشنی فەتح و جیهادی ئیسلامی و حزباللەو حەماس و... هاوکات خۆ بەستنەوەیان بە کیشەی فەلەستینەوە بۆ ئامانجە لیخنەکانی دەسەلاتیان بخاتە ڕوو. ئەوە نیشان بدات کە ئەمانە دوور و نزیک بەدوای چارەسەری کیشەی فەلەستینەوە نین، بەڵکو هۆکاری پاشەکشە بە کیشەی فەلەستین و کۆسپی بەردەم رێگاچارەی کیشەی فەلەستینن. وە ئەرکیانە بەخێرایی ڕیگاچارەی ریشەیی کارساز بۆ چارەسەری کیشەی فەلەستین و ئیسرائیل بەدەستەوە بگرن و ببنە لایەنێکی سەرەکی لەگەڵ رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان و یوئین و ناوەند بریار بەدەستەکانی تری دنیا و هیچی تر نەهێڵن ئەو رێکخراونە لەژێر هەژموونی ئەمریکاو غەربدا بین و هاوکات ڕیگاچارە بۆ ئەم جەنگەی ئیستا بخەنە ڕوو. کە لە ئێستادا خاڵە سەرەکیەکانی. راگرتنی دەست بەجێی جەنگ و وەستاندنی بۆمباباران و راکیت هاویشتن لەلایەن هەردوو لاوە. ئازادکردنی بی قەیدو شەرتی بارمتەو گیراوە مەدەنیەکان. لابردنی دەست بەجێی ئابلۆقەی دەرمانی و خۆراک و سوتەمەنی و ئاو کارەبا و کردنەوەی ریگای بۆ گەیاندنی کۆمەکی ئینسانی بەخەڵکی عەزە. گەرانەوە بۆ پرۆسەی ئاشتی!! و ناچارکردنی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و ناوەندە بریار بەدەستە نیودەوڵەتیەکان بەجێبەجێ کردن و پابەند بوونی ئیسرائیل بە بڕیارەکانیەوە و لەوانە راگرتنی کەمپ نیشینی لەسەرزەمینی ئیسرائیلیەکان، پاشەکشەی هیزەکانی ئیسرائیل لەو ناوچانەی لە ڕیگای چەندین جەنگەوە دەستی بەسەردا گرتوون. هەموو ئەمانە پێش مەرجن لە راستای درووستکردنی دوو دەوڵەت بۆ ئیسرائیل و فەلەستینیەکان و کۆتاییهێنان بەو کێشە میژووی و مەرگبارەی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراستی توشی ناجیگیری سیاسی و نائارامی کردووە.

**ناوەراستی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣**

## درێژەی: ڕێکخراوبوون مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە!

نارەزایەتی لە شوێنی کار و ناوەندەکانی کاردا، هەنگاوێکی گرنگ و سەرەتایەکیشە بۆ هەنگاوی دواتر و مەیدانێکیشە بۆ کۆکردنەوەی ئەزموون و خاراوبوونی هەڵسوڕاوان و رابەرانی و لێکهەڵپێکرانی نارەزایەتییەکان، بەڵام هێشتا ئەوە بە بێ ڕێکخراوبوون ناتوانێت دەستکەوت و سەرکەوتنی پێویست دەستەبەر بکات. مێژووی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بەتایبەتیش بایکۆت لە کوردستاندا، مێژوویەکی درێژە. چەندین ساڵە مامۆستایان یان کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی و یان شارەوانیەکان و قوتابیانی زانکۆ، دەستیان بردووە بۆ کۆبونەوە و بایکۆت، لەگەڵ ئەوەدا ئەوە بۆتە گوشار لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و هاوکات سەرنجی بەشێک لەخەڵک و کۆمەڵگەی بۆخۆی راکێشاوە، بەڵام نەیتوانیووە خواستەکانی دابسەپێنێت، هۆکارەکەی بەسادەیی و ئەوە بووە، کە بایکۆت و کۆبونەوە بەبێ ڕێکخرابوون و بەبێ بوونی ڕێکخراوەی پیشەیی و جەماوەری سەربەخۆ و ئامانجدارانە، بەوێنەی ئامرازو چوارچێوەیەکی خەباتکارانە، ناتوانێت ئامانجەکانی وەدی بێنێت یان لەو راستایەدا پێشرەوی بەرجەستە بکات.

بۆرژوازی و کۆمپانیا و دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە کەڵکی لە نارێکخراوبوونی نارەزایەتیەکان وەرگرتووە و لەوەش زیاتر توانای بزوتنەوە نارەزایەتییەکان بە بێ ڕێکخرابوون سنوردار و هاوکات زەمینەی زوو پاشەکشە پێکردن و دوبەرکی نانەوە لەناویدا زۆرترە. بەپێچەوانەشەوە ڕێکخرابوون لە بنەرەتدا ڕێگایەکە بۆ زاڵبوون بەسەر دووبەرەکی و لەوەش زیاتر نمایشی توانایی هێز و ئیرادەی یەکگرتووی دەکات و باوەڕبەخۆ بوون بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی داخوازییەکان دەباتە سەرەوە.

بزوتنەوەی نارەزایەتی ئەم دەورەیە کە بۆ موچە و دەرماڵەو دامەزراندن، دەستی پێکردۆتەوە، پێویستی بەوەیە کەڵک لە ئەزموونەکانی پێشووی خۆی وەربگرێت و بەسەر لاوازییەکانیدا زاڵ بێت. کە یەکێک لەو لاوازییە سەرەکیانە نارێکخراوبوونە.

پێکهێنانی دەستەی سەرپەرشتی نارەزایەتیەکانی هەر کام لەو بەشانە، دەستبردن بۆپێکهێنانی ڕێکخراوەی پیشەیی و جەماوەری و لەناو جەرگەی ئەو نارەزایەتیانەدا، پێوستە دەستی بۆ ببرێت، دیارە ئەوە ئەرکی رابەران و هەڵسوڕاوانی ناو ئەو بزوتنەوانەیە دەست پێشخەری بکەن و دەست بۆ ڕێکخراوبوون و ڕێکخستنی نارەزایەتیەکان ببەن. هەر ڕێکخراوەیەکی جەماوەری کە لە کۆبونەوەی نارەزایەتیەکاندا یان لە ناوەند و شوێنەکانی کاردا پێک دێت، دەتوانێت ببێتە سەکۆ و جێگایەک بۆ پرس و ڕا بەیەککردن و گۆڕینەوەی بیرورا و بەدەستەوە گرتنی بریار و خستنەرووی داخوازی ئامانجدارانەی بەکۆمەڵ. بریاردان لەسەر کۆبونەوە و مانگرتن و خۆپیشاندان و لە چوارچێوەی بریاری بەکۆمەڵی ریکخراودا، ڕێگە لە پلان و نەخشەی کارفەرماو کۆمپانیا و دەسەڵات دەگرێت، لەوەش زۆتر هێزی ڕیکخراو بەجیا لە توانایەکەی، پاشەکشەپێکردنی بێ دەسکەوت سەخت و دووبەرەکی خستنە ناو ریزەکانیەوە قورس و بێگومان دەستکەوتیشی زیاترە، جیا لەوانە هەماهەنگی لەنێوان ڕیکخراوەکانی بەشەکانی کرێکاران و کارمەند و مامۆستایاندا، و بریاری بەکۆمەڵیان دەتوانێت ئەم بزوتنەوەیە لە ئاستی فراوانتردا یەک بخات و لێک هەڵبپێکێت.

بۆ پێشرەوی و سەرکەوتن و بەدەستهێنانی داخوازییەکان و لەوەش زیاتر لەو جێگایانەی هاوسەنگی هێز رێگا دەدات دەستبردن بۆ کاری راستەوخۆ جەماوەری، یانی خۆ بەخاوەنکردنی ئەو ناوەند و شوێنی کارانەو بەدەستەوەگرتنی لەلایەن خودی کرێکاران و کارمەندانی ئەو شوێنانە، دەتوانێت زامنی موچە و پێداویستیەکانی خۆی بەهێزی ڕێکخراوی خۆی بکات و لەو جێگایانە کۆتایی بە بزوتنەوەی داخوازی و داواکارییەکان بهێنیت و بگۆرێت بە هێزی وەگەرخستن و خۆ بەڕێوەبەری ئازادانە. دەبێ لەو ڕێگایەدا هەنگاوەکان

### پۆزش

**لە ژمارەی پێشووی بۆپێشەوەی ژمارە ١٣٥ لە تایتڵیکدا، لە جێگای ٦ ملیار دۆلار نووسراو بوو ٦ ملیۆن دۆلار، ئێمە لێرەوە و بەهۆی ئەو هەڵەیەوە، داوای لێبوردن لەسەرجەم خوێنەرانی بۆپێشەوە دەکەین...**

**بۆپێشەوە**

## درێژەی: خواستی موچە لە گەمەو ململانێی و ناوخۆیی و لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییدا...

سیاسی لەلایەک لە ئاستی ناوخۆی هەرێم لەناو حزب و هیزە سیاسەکاندا و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و بەغدا.

لە ئاستی ناوخۆی کوردستاندا زوربەی حزب و لایەنە سیاسیەکان بەوانەشەوە کە بەشێک لەدەسەڵاتی هەرێمن و لە حکومەتی هەرێمدا!! بەشدارن، لەبەرامبەر بە پارتیدا بلۆکی رانەگەیەنراویان دروستکردووە داوا لە بەغدا دەکەن بەراستەوخۆ موچەی موچەخۆرانی هەرێم بدات و لە بەرامبەردا پارتی ئەوە بە کارێکی نایاسایی و هاوکات بە بچووکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم دەزانێت و لە دژیەتی. دیارە لەو نێوەدا پرسی لیستی موچەخۆرانیش کێشەیەکە، چونکە ئەگەر بەغدا موچەی موچەخۆرانی هەرێم بدات، ئەوا نزیک بە نیوەی لیستی موچە، بێ بەش دەبن و بەغدا تەنها دان بە موچەی نیوە کەمێک زیاتردا دەنێت... ئەو لەشکرەی تر بە کردەوە یان "بن دیوارن" و یانیش کادری حزب و لایەنە سیاسیەکانن.

پارتی مل بەو داوایەی نادات و زۆریش پێی قەڵسە و نایەوێت پرسی موچەی موچەخۆرانی لەدەست دەربچێت، بەتایبەتی کە دۆسیەی نەوت و داهاتەکانی و فرۆشتنی لەدەست دەرهاتووەو لەوەش زیاتر بەغدا بەپێی یاسا دەتوانێت دەستێوردان لە دۆخی هەرێم و پرسی داهاتە نانەوتیەکان و داوای داهاتی خاڵە سنوریەکانیش دەکات، هەروەها لەژێر ناوی پاراستنی سنورەکاندا خەریکە سوپا و هێز دێنێتەوە سەر سنورەکان... ئەمەش بەکردەوە جیگا بە وەزارەتی دارایی و دەسەڵاتی هەرێم بەسەر سنورەکاندا شل دەکات و دام و دەزگاکانی هەرێم وەکو وەزارەتی دارایی بی کار دەبێت و توانای جوڵەی هیزەکانیش لەسنورەکان رادەگیرێت. ئەمە هێندەی تر دەسەڵاتی سیاسی هەریم، کە زۆتر قەڵەمرەوییە سیاسیەکەی بەدەست پارتیەوەیە دەخاتە مەنگەنەوە.

لایەنە سیاسیەکانی هەرێم بەجیا لەپارتی کەداوای دابەشکردنی راستەوخۆی موچە لە بەغدا دەکەن، بەدوای چەند ئامانجێکەوەن. لەوانە دەیانەوێت شانی خۆی لە بەرپرسیاریەتی دابینکردنی موچەی موچەخۆرانی هەرێم خاڵی بکەنەوە و پارتی بکەنە سەرچاوەو هۆکاری بێ موچەیی. هەروەها ئاراستەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەسەر خۆیان لاببەن و بەرەو ڕووی پارتی بکەنەوە. هاوکات وەکو کەمپەینێکی پێش وەختەی هەڵبژاردن و بەدەستیەوە بگرن و بیکەنە گوشارێکیش بۆسەر پارتی و تا جێگاو رێگاو بەشیان لە داهات و بەشداری لەدەسەڵات و حکومەتدا بە جدی وەربگرێت.

ئەوەی لەو نێوەدا قوربانییە، موچەخۆرانی هەرێمی کوردستانن کە بەجیا لەوەی موچەکانیان دوادەکەوێت و کراونەتە زەخیرەی ململانێیەکی سیاسی چ لەناوخۆ هەرێم و چ لەسەر ئاستی عێراقدا... بۆ دەسەڵاتی عێراقیش چەندە ریزەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد شەق بێت، بەهرەبەرداری سیاسی خۆی لێ دەکات و ئاسانتر دەتوانێت هەنگاوەکانی بۆ بچوککردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم، کەڵک لێ وەربگرێت.

موچەخۆرانی هەرێم مافی خۆیانەو دەسەڵاتی هەرێم و هەموو ئەوانەی لەهەرێمدا دەسەڵاتیان بەدەستەو داهاتی ناوخۆی نانەوتی لەوانە خاڵی گومرگی سنورەکان باج و زەریبەو داهاتی دام و دەزگاکان دەبەن، ناچار بکەن موچەیان لەکاتی خۆیدا پێ بدەن و پاشەکەوتی موچەیان بۆ بگێرنەوە. تەنانەت ئەگەر بەغداش راستەوخۆ موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بدات، دیسان موچەخۆران مافی خۆیانە ئەو موچەیە وەربگرن و کەمێک لە سەختی ژیان و گوزەرانیان کەم بێتەوە. دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، بەتایبەتی پارتی نابێ بەپاساوی ململانێ لەگەڵ بەغدا شانی خۆی لەدابینکردنی موچە خاڵی بکاتەوە یان ڕێگری لە موچەخۆران بکات رێگای روو بەبەغدا بۆ موچەکانیان بە خیانەت!!، تەماشا بکات. پرسی موچە، پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی موچەخۆران و بازارەوە هەیە و نابێ ڕێگەبدرێت بە سیاسی بکرێت و بەسیاسی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، یان موچە خۆران ببنە قوربانی ململانێی سیاسی نیوان دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و بەغدا و ململانێی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد.

بەردەوامیدان بە بزوتنەوەی نارەزایەتی لە پێناو موچەو خزمەتگوزارییەکاندا بەدژی سەرجەم دەسەڵاتی هەرێم، یەکێک لەو ڕێگایانەیە کە پێوستە موچەخۆران پەرەی پێبدەن، سەراسەری و هاوئاهەنگی بکەن، لەوەش زیاتر دەست ببەن بۆ کاری ڕێکخراو پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆی جەماوەری و پیشەیی خۆیان و فریوی هات و هاواری ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەی بۆرژوازی کورد نەخۆن.



# دوای دوو سەدە خەباتی ناسیۆنالیزمی کورد، دیسانەوە ئاشبەتاڵ!!

**نووسینی: عوسمان محەمەد**

زیاتر لە دوو سەدەیە بزووتنەوەی کوردایەتی، لە چوار وڵاتی ئەم ناوچەیە شەڕی چەکداری و دروووستکردنی ئەحزابی کوردایەتی درێژە پێ ئەدەن، بەڵام تا ئەم قۆناغە مێژووییە نەیانتوانی وەک ئەوەی کە خۆیان بانگەشەی بۆ ئەکەن میللەتی کورد بکەنە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ.

لەم مێژووە دوور و درێژەدا خەڵکی ئازادیخواز و کرێکاران و زەحمەتکێشان قوربانی یەکجار زۆریان داوە، ئەگەر بە وردی سەیری ڕووداوە دڵتەزینەکان بدەین لە ساڵی 1961 بە دواوە بە تەنها لە کوردستانی عێراق تەماشا بکەین ئەبینین کە چی ڕووداوی گرنگ و دڵتەزێن بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە، ڕەنگە کارەسات نەمابێ کە بەسەر خەڵکدا نەهاتبێ.

بەڵام بە داخەوە ئەم هەموو گیانبازییە نەیتوانی ببێتە دەستکەوتێ بۆ ئاسوودە کردنی خەڵکی کوردستان، ئەگەر حیزب و سەرکردایەتیەکی هەبوایە کە خەبات و ستراتیژی بۆ ڕزگاری میللەتی کورد بکردایە لە چەوسانەوە و پلە دووی ئێستا چەندین ساڵ بوو بە ئامانجەکانی گەیشتبوو.

ئەگەر بە وردی مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم دوو سەد ساڵەدا بدەینە بەر باس و لێکوڵینەوە، ئەبینین کە کاروکردەوەکانیان چەندێ ڕووداوی دژە ئینسانی ڕوویداوە.

1/ خیانەت و ملشکاندنی یەکتری

2/ هیچ کاتێ ئەم حیزبانە سەربەخۆ خەباتیان نەکردووە، هەمیشە پاشکۆ و ئەڵقە لە گوێی یەکێ لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە یان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوونە.

3/ ئەوەندە دووژمنایەتی یەکتریان کردووە زۆر دڵڕەقانە دەستیان چووەتە خوێنی چەکدار و کادرەکانی یەکتر، ئەوەندە بەرامبەر دوژمنەکانیان توووند و ڕەق نەبوونە.

4/ بەشێک لە مێژووی ئەمانە دەست ڕاکێشانی سووپای دەوڵەتانی ناوچەکە بوونە بۆ گیانی یەکتری.

5/ ئەم حیزبانەی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەوەندەی خەباتیان کردووە بۆ سەرکەوتنی حیزبەکانی خۆیان و پاشقول لێدان لە حیزبەکانی تر، سەد یەکی ئەوە خەباتیان بۆ ڕزگاری کورد نەکردووە.

6/ لە ماوەی ئەم 32 ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتیان، هەمیشە بە دواو شوێنی بە دەستهێنانی پلە و پایە و ئیمکاناتی مالیەوە بوون، لەسەر پۆستێ ئامادە بوونە سەدان کەس لە یەکتری بکوژن، بەڵام دەیان مەسەلەی سیاسی چارەنووسساز کە بەرژەوەندی خەڵکی تێدابێ ئەوە بە ئاسانی چاوپۆشیان لێکردووە.

ئەم ململانێی ناو حیزبەکانی کوردایەتی تا ئێستا بە توووندی درێژەی هەیە، هیچ یەکێ لەو ناکۆکیانە لەسەر بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نەبووە، بۆیە نەفرەت و بێزاری لەم دەسەڵاتە گەیشتۆتە لووتکە، ئەوەندە بێ ئەرزش بوونە بوونەتە گاڵتەجاڕی ئەحزابی سوونە و شیعە، ئێستا دەسەڵاتدارانی عێراق وەک داشی دامە بە کەیفی خۆیان ئەیان جوڵێنن،

خەریکە پەڕوباڵیان پێوە ناهێڵن، ئەم پرۆسەی ملکەچ کردنە ئەیانگەیەنێ بەوەی کە لە ئاییندەدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان بە سەر کوردستانەوە نەمێنێ، ئەمەش ئاشبەتاڵیکی نهێنیە و کارەساتێکی گەورەیە لە مێژووی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی.

53 ساڵ بەر لە ئێستا حکومەتی عێراق لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد کە حوکمی زاتی بە کوردستان بدرێ، لە چوارچێوەی ئەو حوکمە زاتییە دهۆک و سلێمانی و هەولێری ئەگرتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی هاوبەش لە کەرکوک، پارتی ڕازی نەبوو ئەیزانی خەڵکی کوردستان پێ دائەگرێ لەسەر مافە ڕەواکانی خۆی و بۆیە فشاری خستە سەر بەعس کە کەلار و چەمچەماڵ بکەونە چوارچێوەی حوکمی زاتیەوە، حکومەتی عێراق ڕەزامەندی لەسەر ئەوەشدا.

کەچی پارتی دوای 4 ساڵ گفتوگۆ و ململانێ ڕێکەوتننامەکەی هەڵوەشاندەوە و قبوڵی نەکرد، چوونکە بڕیار بە دەستی خۆیان نەبوو لە ئەمریکا و وڵاتە کۆنەپەرستەکانی ترەوە بڕیار ئەدرا.

لەسەر ئەم ڕێکەوتننامەیە و ئاشبەتاڵ چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیان لەگەڵ محمود عوسمان کرد، لە وەڵامدا وتی ئێنە توانای ئەوەمان هەبوو کە چەند ساڵی تر درێژە بە شەڕی پارتی زانی بدەین، چوونکە هێزێکی پێشمەرگەی پڕ چەکمان لەبەردەستدا بوو لەگەڵ پارەیەکی زۆردا، بەڵام ڕابەرایەتی ئەو سەردەمە ئاشبەتاڵی ڕاگەیاند، هەرچەند شای ئێران لە وەڵامی رابەرایەتی ئەوکاتی پارتی وتی ئێمە هیچ ڕێگریەکتان بۆ دروووست ناکەین، بەڵام ناتوانین وەک جاران یارمەتیتان بدەین.

سەرکردایەتی کورد چوونکە هەمیشە پشتی بە دەوڵەتی تر بەستبوو ئیلهامی سیاسی لەوان وەرئەگرت نەیئەزانی سەربەخۆ درێژە بە خەبات بدات.

ئێستا 53 ساڵ بە سەر ئەو مێژووەدا تێپەڕیوە، دوای نیو سەدە لە ماڵوێرانی خەڵکی کوردستان لەم مێژووەدا چی بەسەر هاتووە.

1/ 182 هەزار کەس ئەنفال کران و لە باشووردا کرانە ژێر خۆڵەوە و زیندە بە چاڵکران.

2/ 4 هەزار دێ لەگەڵ زەوی یەکسان کران، خەڵکەکەی دەربەدەر و ماڵوێران کران، چەندین خەڵک کەوتنە سواڵکردن لە شەقامەکان، بەعس و جاشی!! کورد هەرچیان هەبوو بە تاڵان بردیان.

3/ لە هەڵەبجە 5 هەزار ئینسان بە گازی کیمیاوی ژەهر خوراد کران خەڵکەکەی دەربەدەر بوون، سەدەها مناڵ ون بوون، تا ئێستاش نەدۆزراونەتەوە، پانۆرامایەکی وایان دروووستکرد کەم وێنە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

4/ لەم نیو سەدەیە هەزاران کورد لە زیندانەکان توووند کران و هەزارەهای تر لە سێدارە دران.

5/ ئەوانەی کە خەڵکی کوردستانیان ئەنفالکرد ئێستا لای حیزبەکانی دەسەلات دەسەڵاتیان لە جاران زیاترە و دەوڵەمەنترن.

6/ هەر لەم ماوەیەدا شەڕە ناوخۆیەکانی ئەحزابی کوردایەتی چەندین هەزاریان لە یەکتر کووشت.

دوای ئەم سەدە لە کارەستی گەورە و بچووک کە بە سەر خەلکدا هاتووە، دیسانەوە ئاشبەتاڵیکی تریان ڕاگەیاند.

ئێستا حکومەتی عێراق ئەو پرۆسەیەی گرتوویەتە بەر لە بەرامبەر هەرێمدا، لە ماوەیەکی کورتدا هیچ بڕیارێک بە دەست دەسەڵاتی کوردیەوە نامێنێ، ئێستا خەریکی پەڕوباڵکردنیانن، جگە لە بڕیارەکانی پێشووی دادگای فیدڕاڵی لەسەر نەوت و خاڵە سنوورییەکان لەم ڕۆژانەدا بە بڕیارێک وەزارەتی دارایی کوردستانیان هەڵوەشاندەوە و کردیان بە بەڕێوەبەرایەتی دارایی کوردستان.

ئەم هەلومەرجە سیاسیەش ئەنجامی پشت تێکردنی خەلکی کوردستان و ناکۆکی ناوخۆیی حیزبەکانی کوردایەتیە، حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە هیچ قۆناغێکی مێژوویدا خەباتیان بۆ ڕزگاری خەڵکی کوردستان نەکردووە، هەمیشە هەوڵیان ئەوە بووە کە چۆن بتوانن بەشێک لە ئابووری کوردستان بۆ خۆیان قۆرخ بکەن جا لە ژێر ناوی حوکمی زاتی بێت یان فیدڕاڵی یان هەر ناوێکی تر.

یەکێک لە سەرکردە باڵاکانی ئەم بزووتنەوە لەم ڕۆژانەدا ئەڵێ ئەم 32 ساڵە خزمەتمان بە داگیرکەر و بێگانە کردووە، ئەوەی ئێمە بە میللەتمان کردووە حیزبی بەعسیش نەیکردووە.

ئێستا سەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی خۆیان هاتوونەتە دەنگ لە ناهەمواری ئەم هەلومەرجەی کە دروووستیان کردووە، چوونکە ئەزانن خەریکە جڵەوی دەسەڵاتیان لە دەست دەرئەچێ، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی نارەزایەتی توووندی خەڵک بوونەتەوە، بەشێک لەم خەڵکە ناڕازییە داواکارن حکومەتی عێراق خۆی مووچە دابەش بکات یان خۆی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست لە کوردستاندا، ئەمە دەنگێکی نەشازە بە هیچ جۆرێ لەگەڵ خەلکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازانی کوردستان نایەتەوە، دەسەڵاتدارانی عێراق نە لە دەسەلاتدارانی کوردستان باشترن نە لەوان ئازادیخواز ترن، بەڵکو سەرچاوەی کۆنەپەرستی لای ئەوانەوە بۆ کوردستان پەخش ئەبێ، ئەگەر ئەوان بە ڕێک و پێکی مووچە دابەش ئەکەن، بەڵام لە چەندین لای ترەوە هەزار و یەک کێشەی تریان هەیە، ئەگەر خەڵکی ناوەڕاست و خوار و ژیانێکی باشیان هەیە تا ئەم ساتە وەختەش هێشتا باری ئابووری خەلکی کوردستان لەوان باشترە، جگە لە دابەشکردنی مووچە سەد جۆری تر غەدریان لێ ئەکرێ.

گەڕانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی شۆڤێنی ئیسلامی بەهیچ جۆرێ داواکاری خەڵکی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستان نییە.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ئەبێ دەستە شۆڕشگێڕەکان دروووست بکەن لە هەموو شار و شارۆچکەیەکی کوردستان لە پەیوەست بە ڕێکخراوەیەکی جەماوەری سەرانسەریەوە، ئەمەیە ڕێگاچارەی دروووست و شۆڕشگێڕانە، هەر ئەمەش ئەتوانێ فشاری توووند لەسەر دەسەڵاتدارانی هەرێم دروووست بکات، یان ئەبێ ئەم هەلومەرجە چاک بکەن یان دەسەڵات جێبهێڵن بۆ شوراکانی خەڵک.

******

**پرسی ڕۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ/ نووسەر نەوزاد عومەر وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە...



**پرسی شەڕ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی رۆژ بەڕۆژ زیاتر ڕووبەڕووی قەیرانە جۆراوجۆرە سروشتی ودەستکردەکانی مرۆڤ دەبێتەوە. وەك دەرکەوتەی ئەم چەندساڵانەی دوایی ئاماژەی زۆر هەبوو بەگۆرانکاری لەنەخشەی ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی...تاد بەتایبەت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم هەفتەیەی دوایی لەهەموو کاتێك زیاتر ئەوگۆڕانکاریانە دەرکەوتەیان هەیە. هێرشی تورکیا بۆسەر کوردستانی سوریا وناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەکەکە، وهێرشی بزووتنەوەی حەماسی ئیسلامی لەفەلەستین بۆسەر ئیسرائیل؛ نیشانەی شەڕی وێرانکەر ودرێژخایەنن بۆسەر ناوچەکە، و نائارامی کارەساتی مرۆیی لێدەکەوێتەوە. بەڕای ئێوە هۆکار ولێکەوتە وچارەسەرەکان چین؟**

**بەڕێز نەوزاد عومەر نووسەر، وەڵامی پرسی ئەم ژمارەیەی داینەوە.**

**نەوزاد عومەر:** لەڕاستیدا وەڵامی ئاوا پرسیارێك کە کۆمەڵە ڕەهەندێکی مێژووی وئابووری وسیاسی لە خۆ دەگرێت وچەمکێکی زۆر ئاڵۆزە، ڕەنگە لەو ڕووبەرەی بۆم دیاری کراوە کە دەبێت لە 350 وشە تێنەپەڕێت، نەتوانرێت وەڵامێکی گشتگیرتان بدەمەوە.

بەڵام هەوڵدەدەم وەڵامەکەم چڕ وکورت وپوخت بێت. فەیلەسوفی مارکسی ئیتالی سەدەی بیستەم (ئەنتۆنیو گرامشی) ئەڵێت" قۆناغی گواستنەوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا قۆناغێکی ئاڵۆزو پڕ قەیرانە بۆ ڕۆشنبیرەکان پێش خەڵکی ئاسایی، چونکە نە ئەوەی تازەیە بە تەواوی جێگیر بووە و بووەتە جێگەی متمانە، وە نە ئەوەی کە ناوی کۆنەکەیە بە تەواوی ڕۆڵی خۆی لە دەستداو. لە ئێستادا جیهانی سەرمایەداری لە قۆناغێکی گواستنەوەی هەمەلایەنەدایە، تەواوی جیهان لە قەیرانی ئابووری وسیاسی وئاسایشی خۆراك وژینگە وئەخلاقی و ...هتد. لەوانەش وەك نموونە:

قۆناغی گواستنەوە لە تاك جەمسەرییەوە بۆ فرە جەمسەری. ٢- قۆناغی گواستنەوە لە شۆرشی پیشەسازی چوارەمەوە بۆ پێنجەم، ئەو شۆرشەی کە بە تەواوەتی پێناسەی سەرجەم چەمکەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت سەر لەبەریان دووبارە پێناسە دەکاتەوە. هەر لە چەمکی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتییەوە تاوەکو دەگاتە چەمکی ئاسایش وهێز وململانێیەکان. ٣- سیستەمی نیولیبراڵیزم وجیهانگیری لە درێژەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی تەمەنیدا کە بەرهەمی تاك جەمسەری جیهان بوو پاش شەڕی سارد، لە قەیرانێکی گەورەدایە، بۆیە لە ئێستادا جیهان پێویستی بە جێگرەوەی ئەم سیستەمەیە، لە قۆناغی گواستنەوەدایە بەرەو جێگیرکردنی سیستەمێکی تازە، لە فۆرمێکدا کە تا ئێستا خۆی پێناسە نەکردوە، بەڵام وەك پێویستیەکی حەتمی لە خۆ کۆکردنەوەدایە بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی تازە. ٤- قۆناغی گواستنەوە بەرەو فۆرمێکی تازەی ململانێی سەرمایەداری، کە بە نەوەی پێنجەمی ململانێ دەناسرێت، لەسەر سێ پایەی سەرەکی خۆی فۆرمۆڵە دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی گەلانی جیهان. ئامرازەکانی ململانێی ئەو نەوەیەش بریتین لە سێ چەمك ئەوانیش:

آ- خۆراك: ئەوەی کۆنترۆڵی خۆراك دەکات، کۆنترۆڵی گەلان دەکات. ب- وزە: هەر کەسێکیش سەرچاوەکانی وزەی لە جیهاندا کۆنترۆڵ کرد، واتا دەتوانێت تەواوی کیشوەرەکان کۆنترۆڵ بکات. ج- هەر جەمسەرێکیش دراوەکەی کۆنترۆڵی بازرگانی جیهانی کرد، دەتوانێت هەموو دونیا کۆنترۆڵ بکات. ئەمە ستراتیژی ململانێی نەوەی پێنجەمە کە لە لایەن هێنری کیسنجەرەوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دارێژراوە، لە ئێستادا بەڕوونی دەرهاویشتەکانی لە شانوی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا دیارن. لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری لەناو خودی وەڵامەکەدا دروست دەبێت، ئایا بۆ چەقی ململانێیەکان کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستەوە؟ ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، کلیلی کردنەوەی وەڵامێکی گشتگیرە بۆ پرسیارەکەی بەڕێزتان، چونکە گرنگیدان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن جەمسەری یەکەم کە ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی، و جەمسەرە تازەکانی وەك چین و ڕوسیا و تەنانەت تورکیا و ئێرانیش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و ئەو کانزا سروشتییانەی هەیەتی، چونکە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەبەستێت بە یەکەوە لە ڕێگای دەریای ناوڕاست و وشکانیشەوە، ئەو دەریایەی کە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە بازرگانی جیهاندا بۆ هەموو وڵاتە بەرهەمهێنەرەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. هەروەها بە زۆنی وزە لە جیهاندا ناسراوە، چی نەوت و گاز یان کانزای سروشتی ئەوەی لە ژێر زەویدایە، سەرەڕای ئەوەی لەم ساڵانەی داهاتوودا بڕێکی زۆر گازی سروشتی لە ناو دەریای ناوڕاستیش دۆزرایەوە، کە بە گوێرەی یاساکانی سنووری دەریایی؛ ئەوە پشکی ئەو وڵاتانەیە کە دەکەونە سەر حەوزی دەریای ناوەڕاست، کە بە چەند بڕگەیەك لەو یاسایەدا ڕێژەی پشکەکان و ئازادی دەرهێنانی بۆ هەر یەکێکیان دیاری کراوە. یۆنان پشکی شێری بەر دەکەوێت، لە بەرامبەردا تورکیا کەمترین پشکی بەردەکەوێت، هەرئەمەش خاڵی پەڵهاویشتنی سەربازی تورکیا بوو بۆ لیبیا و باکوری سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان) بەو هیوایەی بتوانێت سنورە ئاوییەکانی لە ڕێگەی شەڕ و سەربازییەوە لە قۆناغی دوای گواستنەوەدا زیاد بکات، بۆ ئەوەی پشکی لەو گازە زیاد ببێت، چونکە هەمومان دەزانین کێشەی گەورەی تورکیا کەمی سەرچاوەی وزەیە، وزەش شادەماری پیشەسازییە، وئەویش ئامرازی هێزو دەسەڵاتە لە ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم ناوچەیە وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو وایە، کە پڕە لە کێشەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی کەڵەکە کراوی مێژووی کۆن وتازە، هەر کات بیانەوێت بە ئامانجێکی دیاری کراو دەیتەقێننەوە. بێگومان بۆ ئیسرائلیش ئامانجی سەرەکی و شاراوەی شەڕی غەزە، لکاندنی کەرتی غەزەیە بە ئیسرائیلەوەو ڕاگواستنەوەی خەڵکی غەزەیە بۆ بیابانی سینا، بۆ بێبەشکردنی فەلەستینیەکانە لەو گازە سروشتییەی کە دەکەوێتە سنوری ئاوی خاکی غەزەوە، چونکە جوگرافیای غەزەش دەکەوێتە سەر دەریای ناوەڕاست، بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی حکومەتی غەزەش مافی دەرهێنانی ئەو گازە سروشتییەی دەبێت کە هاوکات هەم دەبێتە هێز و دەسەڵات و هەم دەبێتە خولقاندنی هەلی کار بۆ خەڵکی غەزەش. بەڵام پێدەچێت نەك نابێتە هۆی خۆشگوزەرانی بۆیان، بەڵکو دەبێتە ماڵوێرانی وبەشمەینەتی ودووبارە ئاوارابوونەوەو قوربانی بەرژەوەندی زلهێزەکان، چونکە خاڵی جەوهەری کۆنگرەی ئاساییکردنەوە پەیوەندی عەرەب ئیسرائیل، ڕێکەوتنی وڵاتانی عەرەبە بە تایبەتی وڵاتانی کەنداو میسر لەگەڵ ئیسرائیلدا بۆ چۆنیەتی سوودوەرگرتن لەو گازە سروشتییە، کە ڕێژەی میسر لەو گازەدا زیاد دەبێت، و لەو پێناوەشدا ئاسانکاری زۆریشی بۆ دەکرێت، لەو ئاسایکردنەوەشدا ئەوەی باسی لێنەکرابوو، ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی ئیسرائیل و فەلەستینییەکانە، دووبارەش دەبنەوە قوربانی دەستی خودی بەرژەوەندخوازی حکومەتە عەرەبیەکان وبزووتنەوە توندڕەوەکانی وەك حەماس.

خاڵێکی تر؛ ناوچەی ڕۆژهەڵات ناوچەیەکە دەتوانێت ئاسایشی خۆراك دابین بکات، چونکە ناوچەکە خاوەنی سەرچاوەی ئاوی شرینی زۆرە، وهەواکەی گونجاوە بۆ هەموو جۆرەکشتوکاڵێك، وەك زانیارییەك بۆ نموونە؛ ئابووری ڕۆژئاوای کوردستان لە سەدا



سی ٣٠٪ ئابووری هەموو سوریا پێکدەهێنێت، هەروەها ناوچەکە بە یەکەمین شوێن لەمێژوودا دادەنرێت کە مرۆڤ لەو ناوچەیە جێگیربووەو، لە قۆناغی ڕاوکردنەوە چۆتە قۆناغی نیشتەجێبوون، و دانەوێڵەی چاندووە. هەر بۆیە هەم لانکەی کۆنترین شارستانیەتە، وهەم جوگرافیای بەریەککەوتنی هەموو شارستانیەتە یەك بەداوی یەکەکاندا بووە لە مێژوودا.

گرنگی ناوچەکە بۆ جەمسەرێکی تری ململانێ نێودەوڵەتییەکان کە روسەکانە، دەریای سپی تەنها ڕێڕەوی ئاوی گەرمە کە بتوانێت گەرەنتی بەردەوامی بازرگانی بۆ مسۆگەر بکات. چونکە ئەگەر چی روسیا سنوری ئاوی زۆرە، بەڵام تەنها بۆ چەند مانگێك گونجاوە لە هاویندا، بۆ مانگەکانی تر دەیبەستێت و بەکەڵکی گواستنەوەی بازرگانی نایەت.

بۆ چینییەکان، و بۆ ئێرانییەکانیش پێگەی بازرگانی گرنگی هەیە، چونکە ئاسانترین و ئابووریترین ڕێڕەوی بازرگانییە.

بێگومان چەمکی سێیەمی ململانێی نەوەی پێنجەم دۆلارە، ئەمریکا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەڕێگەی دۆلارێکی بێ پاڵپشت بە زێڕ، کە یەکێکە لەو خاڵانەی هێزێکی ڕێژەیی زۆری بە ئەمریکا بەخشیوە و کردی بە زلهێزی جیهان، بەڵام لە ئێستادا لەگەڵ دەرکەوتنی جەمسەری تازە و بەهێز، نارەزاییەکی زۆر لە لایەن چین و روسیا تەنانەت ئەوروپاشەوە بەرامبەر بە دولار هەیە، تەنانەت هەندێك هەنگاو نراوە لە لایەن چین و روسەکان و هەندێك وڵاتی ترەوە بۆ کەمکردنەوەی هێز و هەژمووونی دۆلار لە بازرگانیی جیهانیدا، یەکێك لەو نمونانەش گرووپی برێکستە، هەموو ئەم هەنگاوانەش بۆ کەمکردنەوەی هەژمونی ئابووری و سیاسی و سەربازی ئەمریکا لە جیهاندا وبەتاییەتی لە زۆنی وزەدا.

ئەگەر هەژمونی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵات پاشەکشە بکات، ئەوە بێگومان دەبێتە هۆی پاشەکشەی دۆلاریش لە بازرگانیی جیهانیدا، کە وەك یەکەم دراوی باوەڕپێکراوی بازرگانی جیهانی تا ئێستا هێزی خۆی پاراستووە، بێگومان ئەم دۆلارەش یەکێکە لەئامرازەکانی هێزی ئەمریکا، ئەمەش بۆ ئەمریکا قابلی قبوڵ نییە، هەموو ڕێگایەکیش دەگرێتە بەر لە پێناو پاراستنیدا.

ئەو گریمانەیانە کە دەکرێت بۆ ئایندەی ئەم جەمسەرە دژانەی سەرمایەداری بکرێت، دەکرێت لە دوو گریمانەدا کۆبکرێنەوە، یان ڕێککەوتنێك دەکەن بۆ دابەشکردنی هێزو دەسەڵات ودەسکەوت، هەر یەکەو بە گوێرەی قەبارە ودەسەڵاتی خۆی بەربکەوێت لە پێناو ڕوونەدانی جەنگی گەورە، چونکە جێگەی مەترسییە بۆ هەموویان، یان دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورەی جیهانیی، بۆ ئەوەی دووبارە براوە مەرج خۆی بچەسپێنێت بەسەر دۆڕاو وتەنانەت هاوپەیمانەکانیشی وەك ئەوەی ئەمریکا لە دوو شەڕی جیهانیدا کردی. بێگومان دەرئەنجامی ئەو شەڕە چۆنە چۆن دەبێت، وقەبارەی کاولکارییەکی چەندە، پێشبینیکردنی زۆر گرانە و ئەستەمیشە بکرێت، ڕەنگە جوگرافیای ئەو شەڕەش لە حەوزی دەریای ناوەڕاست بێت.

بۆ هەر هەنگاو نانێك بۆ چارەسەری پێش وەختە، من پێم وایە چارەسەر لای خودی بەرژەوەندییەکانی ئەو جەمسەرانەیە، نەك هاوڵاتیانی سڤیلی ئەو جەمسەرانە، بێگومان ئەوەش ڕاستەخۆ بەندە بەرژەوەندیەکانیانەوە....



# دیمانە لەگەڵ بنار مستەفا سەبارەت بە نووسینی کتێبی "ژن، ژیان، ئازادی"


**بۆپێشەوە: کتێبی" ژن، ژیان، ئازادی" لە نووسینی ئێوە بەزمانی فنلەندی لەچاپ دەرهات، ئامانج لە نووسینی ئەم کتێبە چییەو ناوەرۆکی کتێبەکە باس لە چی دەکات؟**

**بنار مستەفا:** ئامانج لە نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبە هێنانە پێشەوەی خرۆشانی جەماوەری ئێرانە. لەبەر ئەوەی دەزگا ڕاگەیاندنکانی فینلاند و ئەورووپا بە گشتی بە کەمی لەسەر ئەم بابەتە دەدوێن و حەقی تەواوی پێ نادەن و زۆر خاڵی گرنگ و جەوهەری هەیە، کە باسی لێوە ناکەن، بە گرنگم زانی کە دەست بۆ پرۆژەیەکی لەم چەشنە بەرم.

ناوەرۆکی کتێبەکە بە زۆری تایبەتە بە ڕاپۆرتی ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردووی ئێران لە پاش کوشتنی مەهسا ئەمینییەوە. باس لە هۆکار و چۆنیەتی سەرهەڵدانی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ئێران، پێشینە و تایبەتمەندییەکانی، خاڵە بەهێزەکانی و دەستکەوت و ئاستەنگییەکانی دەکات. بۆ تێگەشتنی زیاتری خوێنەر بە کورتی ئاماژە بە مێژووی هاوچەرخی ئێران، لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی دەکات، هەروەها باس لە بەدیلە جیاوازەکان، هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و ئامانجەکانیان، کاریگەرییەکانی پاش کۆتایی بە کۆماری ئیسلامی لەلایەن جەماوەری شۆڕشگێڕەوە و خەڵکی لە جیهان چۆن دەتوانن کۆمەکی ئەو بزووتنەوەیە بکەن، لەخۆ دەگرێت. چۆنیەتی چوونەپێشەوە و ڕووداوەکانی نارەزایەتییەکان، کە لە پایزی ٢٠٢٢ەوە دەستی پێکرد بە بەروار هەندێکیان لیست کراون، تا خوێنەر زانیاریەک لەسەر چۆنیەتی و چەندایەتی خرۆشانەکە وەرگرێت. لە هەندێک بڕگەدا بۆچوونی خۆمم لەسەر هەندێک بابەت داوە. لە پێشەکی کتێبەکە نووسیومە، کە من چاودێرێکی بێلایەن نیم، بەڵکو خۆم بە بەشێک لەو بزووتنەوەیە دەبینم و سەرکەوتنی بە ئامانجی خۆمی دەزانم.

**بۆپێشەوە: بۆچی ئەم کتێبەتان بە زمانی فنلەندی نووسی، ئایا نیازتان نییە، وەری بگێرنە سەر زمانەکانی تر لەوانەش زمانی کوردی؟**

**بنار مستەفا:** توانام هەیە تەنها بە زمانەکانی کوردی و فینلاندی نووسین و پرۆژەی لەم چەشنە بەرهەم بهێنم. وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، بە زمانی فینلاندی لەسەر ئەم بابەتە کەم قسە کراوە و لەم بارەوە نووسین کەم بەردەستە. واتە لەم بارەوە بۆشاییەک هەبوو.




بە گرنگم زانی، کە زانیاری لەسەر ئەو خرۆشانە جەماوەرییەی ئێران بەردەست بێت. خۆشبەختانە بە زمانی کوردی مەتریاڵی زیاتر بەردەستە و زۆر بابەتی لەسەر نووسراوە و قسەی لەسەر کراوە. هەر خودی خۆم هەفتانە لە پیشەنگ تیڤییەوە بەرنامەم بە زمانی کوردی پێشکەش کردووە و لەسەر ڕووداوەکانی ئێران هەفتانە قسەوباسمان بووە. واتە لە نێو ئەو دوو زمانەی من توانام بەسەریاندا هەیە، فینلاندییەکەم بە پێویستتر زانی.

کار بۆ ئەوە دەکەم وەرگێردرێتە سەر زمانەکانی تریش، بە تایبەتی زمانەکانی ئەوروپا، تا پشتیوانی لەم خرۆشانە زیاتر بێت. هەروەها کار دەکەم بۆ ئەوەش، کە دەرفەت وەرگرم و وەریگێڕمە سەر زمانی کوردیش.

**بۆپێشەوە: هەرچەندە کتێبەکە تازە لەچاپ دەرهاتووە، بەڵام وەکو سەرەتایەک، چۆن پێشوازی لێکراوە؟**

**بنار مستەفا:** وێڕای ئەوەی ماوەیەکی کەمە و تەنها سێ هەفتەیە کتێبەکە لە چاپ دەرهاتووە، کۆمەڵێک فیدباکی باش و ئاماژە بە گرنگی بوونی کتێبێکی لەم چەشنەم پێ گەشتووە. بەتایبەتی کەسانێک، کە بەدواداچوونی بارودۆخی ئێران و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، بوونی ئەم کتێبەیان بە گرنگ لە قەڵەم داوە. زۆر کەسیش پرسیاری چۆنیەتی بەدەستهێنان و وەرگرتنی کردووە، لە نێویاندا ئەندام پەرلەمانێکی یەکێتی ئەوروپا، کە بە کۆمێنتێک نووسی "دەمەوێت ئەم کتێبە بخوێنمەوە". هەروەها چەند ڕۆژنامەنووسێک وەریانگرتووە، تا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن. بەجیا لەمانەش زۆر کەس ئاماژەیان بەوە داوە، کە گرنگە کتێبی لەم چەشنە بە زمانی فینلاند لە چاپ دەرهاتووە. پێم وایە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زیاتر و ئاماژەپێدان بە ناوەڕۆکەکەی، پێشوازی زیاتری لێ دەکرێت...




# دەبێت بەرەنگاری هێرشی ڕەگەزپەرستی ببینەوە!

ڕەگەزپەرستی و ترس لە بێگانە بەردەوامە لە پەرەسەندنی سیاسەتی حیزبی موحافزینی بەریتانیا. پارتی موحافزینی بەریتانیا بە ڕوونی لە ئاژاوە و قەیراندایە، وەک لە کۆنفرانسی خۆیاندا دەرکەوت. ڕاپرسییەکان ئەوە نیشان نادات کە بە ئاسانی بتوانن دۆخەکە بگەڕێننەوە و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. لە ئەنجامدا، ئارەزووی تاکە کەسی نەک جیاوازییە ئایدیۆلۆژییە سەرەکییەکان، بەڵکو دابەشبوونی زیاتر لە ناو حیزبی موحافزیندا دروست دەکات. بەڵام هەموویان یەکگرتوون لەسەر هەڵمەتێکی دڕندانە و کۆنەپەرستانەی ڕەگەزپەرستی. سەرچۆپی ڕۆشتن بەرەو ئەم زێراب و بۆگەناوە بەدەست وەزیری ناوخۆوەیە، کە دڵخۆشە بە بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە بۆئەوەی پەرەبدات بە ئەجێندای ڕەگەزپەرستانە و خواستە کەسییەکانی خۆی.

دەشبێ ئەوەش بوترێ کە هیچ سەرکردەیەکی باڵای حیزبەکە بە ئاشکرا ڕەخنەی لە هەڵوێستی وەزیری ناوخۆ سەبارەت بە پەنابەران نەگرتووە و تەنانەت دەوترێت ڕیشی سوناک، سەرۆک وەزیران، بە شێوەیەکی شەخسیی وتارەکەی وەزیری ناوخۆ لە کۆنفرانسی ئەمساڵی حیزبی موحافزیندا پەسەند کردووە. ڕەنگە ڕیشی سوناک، لەبەر پێگەی لاوازی خۆی لەنێو حیزبی موحافزیندا، نەتوانێ یا نەیەوێت بەرەنگاری ببێتەوە.

ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە حیزبی موحافزین بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو پشتگیری لە ئەجێندایەکی ڕەگەزپەرستانە و ترس لە بێگانە دەکەن. دەیانەوێ کارتی ڕەگەزپەرستی و ترس لە بێگانە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەکاربهێنن. لە ڕوانگەی پارتی موحافزین ئەمە دەرئەنجامێکی سروشتی قەیرانی حزبەکەیە کە لەدەوری ئاڵایەکی کۆنەپەرستانە کۆبونەتەوە. بەرهەمی ئەو چەقبەستووەیەشە کە ئابووری وڵاتیان بردۆتە ناویەوە. گەشەکردنی ئابووری هێشتا زەحمەتە، نرخی کاڵاو شمەکەکان بە شێوەیەکی سەرسەختانە بەرزە، ئاستی ژیان لە دابەزیندایە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە قەیراندان.

وەڵامی ئەوان بۆ ئەم وەزعە نالەبارە لە بنەڕەتدا زیندووکردنەوەی تاچەریزمە، لەگەڵ ڕێکخستنەوە و کەمکردنەوەی باج بۆ دەوڵەمەندەکان کە بڕیارە لەم گێژاو و قەیرانەدا ڕزگارمان بکات. هەرچەندە هیچ نەماوە تایبەتی نەکرێ. تایبەتیکردن و پارچە پارچەکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی گشتی (NHS)بەردەوامە، ناتوانی کەرتێکی تر دەستنیشان بکەیت کە دەستی تایبەتیکردنی پێنەگەیشتبێت. کەس بەجدی باوەڕی بەوەش نییە بە لابردن یان هەڵوەشاندنەوەی باج لەسەر میراتی شەخسی دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئابووری. هەروەها بڕینی بیمەکان پەیوەندی بە باشترکردنی دارایی گشتییەوە نییە، بەڵکو مەبەست لێی بە شێوەیەکی کاریگەر برسیکردنی خەڵکە و بۆ ئەوەی پاڵیان پێوەبنێن بۆ وەرگرتنی کارێکی کەم مووچە. کەواتە، ئەو هەڵوێستە ڕەگەزپەرستانەی کە تادێت وەزیری ناوخۆ زیاتر پەرەی پێدەدا، ستراتیژییەکی هۆشیارانەیە بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک لە کاریگەرییە کارەساتبارەکانی سیاسەتەکانی حیزبی موحافزین. کاریگەری ئەم ستراتیژە دوو لایەنیە. یەکەم، زیادکردنی نەهامەتی و چەوساندنەوەی خەڵکی بیانی، ڕەشپێست و ئاسیاییە. لە هەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی بەریتانیا لەسەر قەیران دووربخاتەوە و خەڵک بباتە وادییەکی کۆنەپەرستانە کە خەڵکی بیانی و پەنابەر بە هۆکاری وەزعی ئێستا تۆمەتباربکرێن. ستراتیژی هەڵبژاردنی "خەتای ئێمە نییە، بەڵکو خەتای ئەوانە" لەلایەن ستراتیژیستەکانی پارتی موحافزین پەرەپێدەدرێ. ناونیشانی ئەو هەڵمەتە ڕەگەزپەرستانەیە بەڵێنی "بەلەمەکان ڕادەگرین"ە. بەڵام وەزیری ناوخۆ درۆی دەکرد کاتێک وتی زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە بەلەمی بچووکەوە لە ئەودیوی کەناڵەوە دەگەنە بەریتانیا کۆچبەری ئابوورین.

داتاکانی وەزارەتەکەی خۆی، وەزارەتی ناوخۆ، دەریدەخەن کە لە نێوان لەسەدا ٧٥-٨٠ ی داواکاری پەنابەران، دوای دواکەوتنێکی زۆر ناپێویست، لە کۆتاییدا پەسەند دەکرێن. بە شەیتانکردنی ئەم خەڵکە هەژارە و بە تەواوی پشتگوێ خستنی داوای ئەو کەسانەی بەهۆی شەڕ و سەرکوت و گۆڕانی کەشوهەوا و چەندین هۆکاری ترەوە ڕوودەکەنە وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەک بەریتانیا، تاوانە. گوایە جگە لەو سیاسەتە هیچ سیاسەتێکی بەدیلیان نییە، بە تەواوی دوورە لە ڕاستییەوە. لە مێژە خەڵکێکی زۆر دەڵێن پێویستە ڕێگای سەلامەت و یاسایی بۆ هاتنە بەریتانیا دروستبکرێت؛ ناوەندێکی مامەڵەکردنی داواکاری پەنابەری بەریتانی لە باکوری فەرەنسا دروستبکرێت، دەسەڵاتدارانی فەرەنسا وتوویانە ڕێگەی پێدەدەین. ئەمەش پێویستی بە پەڕینەوەی مەترسیدار نامێنێت، چونکە کاتێک داواکارییەکە پەسەند دەکرێت، پەنابەران دەتوانن بە ڕێگەی یاسایی گەشت بۆ بەریتانیا بکەن. ئەمەش ژیانی پەنابەران لەدەست "بازرگانانی خەڵک" ڕزگار دەکات.

بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەگەزپەرستی لە کۆمەڵگەی بەریتانیا پەرەی زۆر سەندووە، نزیکەی هەموو هەنگاوێکی ئەم حکومەتە ئەو جیاکارییە خراپتر دەکات کە خەڵکی بیانی، ڕەشپێست و ئاسیایی ئەزموونی دەکەن. لە ڕاپرسییەکی گەورەی ئەم دواییەدا، زۆرینەی ڕەهای ڕەشپێستەکانی بەریتانی سەروو لە ٨٠% ڕایانگەیاندووە کە جیاکاری لە پەروەردە و شوێنی کار گەورەترین بەربەستە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ڕەشپێستەکان، ئەوان ئەزموونی ڕەگەزپەرستییان کردووە، هەروەها متمانەش بە پۆلیس و سیستەمی دادوەری زۆر لاواز بووە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە حیزبی موحافزین توانیویانە ئەم وەرچەرخانە بەرەو ڕاست بکەن ئەوەیە کە ئەم سیاسەتانە و ئەم قسەکردنە لەلایەن پارتی کرێکارانەوە تەحەدا ناکرێت. وەزیری ناوخۆی ئێستا کۆنەپەرستترین وەزیرە لەماوەی چەند ساڵی ڕابووردوودا. هەرگیز نابێت ڕێگە بە حیزبی موحافزین بدرێت ئەجێندای کۆنەپەرستانە و ڕەگەزپەرستانەی خۆی پەرەپێبدا. هەرگیز نابێت دان بە ڕەگەزپەرستاندا بنێین.

**نووسینی: توانا حەمە نوری**

# ئەو بە کۆمەڵێك هیواو خەونی جوانەوە ڕووی لە تاراوگە کرد..

**نووسینی: هاوژین ڕەشید**

ڕزگاری بوو لەدەست ڕژێمی بەعسی فاشی و بڕیاریدا ژیانێک دەستپێکات، کە چیدی ترس و نیگەرانی تێدا نەبێت. هێواش هێواش خۆی فێری زمان کرد و ئیقامەی سیاسی وەرگرت وەکو پێشمەرگەیەکی هەڵاتوو لەدەست ڕژێمی ستەمکاری بەعس. ئیدی دەستیکرد بە کارکردن و ژیانێکی ئارام و ئاسودەی بۆخۆی پێکەوە نا. زۆری. نەبرد، بڕیاریدا کە ئیدی کاتی ئەوەیە هاوسەرگیری بکات و خێزان و منداڵی هەبێت، تا هەم ببێتە هاوسەرێکی باش و باوکێکی باش و هەمیش ژیانی غوربەت و تەنیایی کۆتایی پێ بێنێت. بۆیە چۆوە کوردستان و لەوێ لەگەڵ خاتونێکدا هاوسەرگیری کرد. پاش گەڕانەوەی و هەوڵ و ماندووبوون بۆئەوەی ژنەکەی بێنێتە ئەو وڵاتە و پێکەوە سەرەتایەکی جوان دەستپێکەن. هەوڵەکانی سەرکەوتووبوون و لەو وڵاتە ئەوروپی یە بە شادمانی دەژیان. وەکو دوو خۆشەویستی ئاشق بە ژیان بوون تا بوونە دایک و باوکی دوو منداڵی ژیکەڵە و جوان. ژیانیان زۆر باش بەڕێوەدەچوو. بەڵام ژنەکەی کێشەی هەبوو لەگەڵ ئەوهەموو ناسراوی و میوانداریەی مێردەکەیدا و تا دەهات زیاتر ماندوو دەبوو. ئەویش سازشی لەسەر کەمکردنەوەی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتییەکانی نەدەکرد و بەوجۆرە بەرە بەرە ژیانی هاوسەرێتییان هەوراز و نشێوی تێکەوت. پاش ململانێ و کێشەی زۆر لەسەر ئەو دۆخە، بڕیاریاندا جیابنەوە. هەرکەس ڕێگای خۆی گرتە بەر و ژنەکەی لەگەڵ منداڵەکانیدا بەتەنیا مایەوە. ئەویش بۆ ڕزگاربوون لە تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە خەمەکانی هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیری یەکەی، بڕیاریدا بەیەکجاری بڕواتەوە کوردستان. لەوێ بە هاوکاری دۆست و خزمانی، خاتونێکی دۆزی یەوەو دووبارە هاوسەرگیری لەگەڵ کردەوە. لەگەڵ ئەویشدا زۆر شاد و دڵخۆشبوو و چەند منداڵێتری بوو. ڕۆژێکیان بڕیاردەدات سەرێک لە منداڵەکانی ئەوروپای بداتەوە ئاخۆ چییان پێویستە و چۆنن. لێ بەداخەوە، نە کچەکەی و نە کوڕەکەی گوێی پێ نادەن و ئاسان پێی دەڵێن: "تۆ بابی ئێمە نی، چونکە ئێمەت بەجێهێشت و ڕۆشتیەوە خەریکی ژیان و کەیف و خۆشی خۆت بووی. ئێمە گەورەبووین و تەنیا دایکمان بینی پاڵپشتمان بێت، بۆیە چیتر نامانەوێ بزانین تۆ هەی یان نی. تەلەفۆنمان بۆ مەکەوە و چۆن ڕۆیشتی و ئێمەت لەم غەریبی یە بێ باوککرد، ئاواش بەردەوامبە و ئێمە ئیتر پێویستمان بەوە نەماوە، کەس بابمان بێت!" ئەو قسانەی منداڵەکانی بەجۆرێک ئازاریدا، کە ئیتر هێزی لێ بڕا. سەری خۆی هەڵگرت و بەرەو کوردستان و لای ژنە تازەکەی بە دڵشکاوی ملی لێنا. بەڵام ئەو خەمە هێندە قورسبوو لەسەر دڵی، بەداخەوە چیتر بەرگەی نەگرت و لەناو ئازاری لەدەستدانی ڕۆڵەکانیدا توایەوە. زۆری نەبرد، توشی جەڵتەی مێشک بوو پاشان دڵی و ئینجا بەتەواوی ژیانی لەدەستدا. دوای مردنیشی چەند منداڵ بۆ هەمیشە بێ باب بوون و هەموویان بە حەسرەتی بوونی باوکێکی دڵسۆزەوە کە لە خۆشی و ناخۆشی یەکانیاندا پشتیوانیان بێت، ڕۆژەکانیان بەڕێدەکەن. چیدی چاوەڕێ نین، کەسێک بەناوی باوک دەرگای ماڵەکەیان لێبکاتەوەو ئەوانیش بەوپەڕی دڵخۆشی و تامەزرۆییەوە ڕاکەن بۆ ناو باوەشی. بەداخەوە ئەوە چیرۆکی کەمێک دەسکاریکراوی پیاوێکی کوردە کە نەیتوانی هاوسەنگی ڕاگرێت لە ژیانیدا و قوربانی بە خۆی و منداڵەکانی و هاوسەریدا لەپێناو کەسانیتردا...

******

---



بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەو ژمارەیەکیدا لە هەلومەرج و پرسی یەکسانیخوازانە...

پرسی ژن

تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەھەر ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و

بەرپرسی ؟ گۆشە: هاوژین ڕەشید

haw1986zhin@gmail.com

---

# ژن، وەکو قوربانی جەنگ



**نووسینی: هاوژین ڕەشید**





لەوەتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە، بەتایبەتیش کە کار دابەشکردنی چینایەتی و خاوەنداریێتی تایبەتی بووە نۆرمی کۆمەڵگە، جەنگ وەکو ڕێگایەک بۆ دەستکەوتنی سامان و دەسەڵات، بۆتە واقعیەتیکی تاڵ و واقعی کۆمەڵگە، لەو نێوەشدا ژنان بەشێکی سەرەکی قوربانی ئەم جەنگانە بوون. کۆمەڵگەی چینایەتی چۆن لەلایەکەوە کەمایەتیەک لەڕێگای دەسبەسەراگرتنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە دەکاتە خاوەن پارەو سامان و سەرمایە، لەلایەکی تریشەوە زوربەی هەرەزۆی کۆمەڵگە بەرەو هەژاری و نەداری و بێکاری پەلکیش دەکات، هاوکات پیاوسالاریش وەکو دەرهاویشتەی ئەو سیستەمە نابەرابەرە، دەکاتە ڕوویەکی دزیوی کۆمەڵگەی چینایەتی. لەو نێوەدا ئەو کۆمەڵگەیانەی دین تیکەڵی یاساو سیستەمی پەروەردەو خوێندن کراوە، دۆخی ژنان لەو پەڕی خراپی دایە.

هەر جەنگ و پەلامارێکی هێزە دینییەکان یان سەرمایەدارەکان بۆسەر دەسەڵات و پارەو سەرمایەی بەرامبەرەکانیان، ژنیش کراوەتە کاڵایەک کە دەبێ دەستی بەسەردا بگیرێت. بینیمان لە پەلاماری دڕندانەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش چی بەسەر کچانی ئێزیدی و شەنگالدا هات. کە تا ئێستاش بەشێکی زۆری ئەو کچە ئێزیدیانەی داعش ڕفاندوونی بێ سەرو شوێنن و ئەوانەش کە لە ژیاندان و هاتوونەوە ناو کەس و کاریان بەهۆی لەدەستدانی کەس و ئازیزانیان و ئەو ڕەفتارە دڕندانەی بەرامبەریان کراوە لە دۆخێکی دەروونی ناخۆشدا دەژین. ژنان وەکو کەرەستەیەک بۆ تێربوونی حەزی سێکسی تیرۆریستەکان بەکارهاتن و لە هەمان کاتیشدا وەکو سونبولی شەرەف شکاندی دوژمنەکانیان سودیان لێ وەرگیرا. لای ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانە، ژن تەنیا کۆیلەو کەنیزەیەکەو دەبێ هەرچی پیاوەکەی لێی دەوێ هەر ئەوە بکات و لەوە زیاتر خۆی هیچ کەسایەتی و هەست و قسەیەکی نەبێت. لە تازەترین ڕوداوی دڵتەزێنی جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا کە کە ڕێکخراوی تیرۆرییستی حەماس لە ٧ ی ئەم مانگەدا ئەنجامیدا، ڕۆژانە جەستەی ژنان دەبینین کە سوکایەتییان پێ دەکرێت و ڕووت دەکرێنەوە وەکو ئاماژەیەک بۆ شکاندنی شکۆو شەرەفیان و بەو هۆیەشەوە گورز وەشاندن لە دوژمنەکانیان. بیهێنە پێش چاوتان وەکو لەو وێنانەدا دیارە چۆن چۆنی زۆر بێ ڕێزانە و دوو لە هەموو پێوەر و پرانسیب و بنەماکانی مافی مرۆڤ، ژنان بەدیل گیراون و جلیان لەبەردا نەهێشتون و تفیان لێ دەکەن و سوکایەتییان پێ دەکەن! دیمەنێکە بەڕاستی دەبێ لە ئاستیدا هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان دەنگ هەڵبڕێ و ڕێگای لێ بگیرێت. دەبێ دۆخی دەروونی و ژیاری ئەو ژنانەو خێزان و خزم و کەس و کاریان چۆن بێت کاتێ دەبینن وا بە دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بۆچی؟ تەنیا لەبەرئەوەی ژنن. ژنیش واتا بوکەڵەی سێکسی و تێرکەری پیاو لە هەموو ڕوویەکەوە و هێشتنەوەی ڕەگەزی نێر بەهۆی سک و زاوە. لێرەوە داوا دەکەین کە هەرچی زووە جەنگی خوێناوی ڕاگیرێت و پەنا بۆ شێوازی یاسایی و مەدەنی و مافی مرۆڤ ببرێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان گروپ و دەستەو تاقم و سیاسی و سەرمایەدار و وڵاتەکان و بۆ چارەسەری کیشەی فەلەستینیش، تەنها ڕێگا لە ئیستادا ڕاگرتنی دەستبەجێی جەنگ و کۆتاییهێنان بە بۆردومان و ڕۆکێت بارانکردن لەلایەن هەردوو لا بۆسەر یەکتری و کۆتاییهێنان بەداسەپاندنی ئابلۆقە و ئازادکردنی بارمتە مەدەنیەکان و گەرانەوەیە بۆ پرۆسەی ڕێکەوتنی ئاشتی بە ئامانجی کشانەوەی سوپای ئیسرائیل لەسەر زەمینی فەلەستین و دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ فەلەستنیەکان، لە کۆتاییدا دەبێ ئەوەش بڵێین، ڕێکخراوی تیرۆریستی حەماسی دژە ئینسان و دژە ژن بە هیچ جۆرێک نوینەرایەتی خەڵکی زوڵملیکراوی فەلەستین ناکات و بۆ ئامانجە تایبەتیەکانی، خۆی بە پرسی خەڵکی فەلەستیندا هەڵواسیوە.

---

**خودی ستەمکێشیی و پلەدوویی ژنان لە داهێتانی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشی پەرەپێداوە و کردوویەتیە یەکێك لە کۆڵەکەکانی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگە کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ ...**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام



## "ئەنا بیلی"خۆشەویستەکەی ئادگار ئالان پۆ

**نووسینی / جەمال نوری**

### ئەدگار ئالان پۆ و دەرکەوتنی

رۆژنامەنوس و شاعیر و چیرۆک نووسێکی بەتوانا بووە، بەمامۆستای لێکۆڵینەوەی خەیاڵی پۆلیسی دادەنرێت، (Detective Fiction) هەروەها یەکێک بووە لەو کەسانەی بژێوی ژیانی بەنووسین پەیدا کردوە، ژیانی ئەم لاوە بەهرەدارە لەسەرەتاوە پڕیەتی لەنەهامەتی و گرفت و نەبوونی، لەپاش لەدایکبونی لەساڵی 1808دا دایکی بەجێیدەهێڵێت، لەپاش یەک ساڵ، بێ دایک بووە. دواتر لەلایەن خێزانێکەوە هەڵدەگیرێتەوە و هەمان نازناوی ئەو خێزانە هەڵدەگرێت، سەرکەوتوو نەبووە لەپرۆسەی خوێندندا، خۆبەخشانە پەیوەندی دەکات بەسوپاوە، بەڵام سەرکەوتو نابێت. لەلاویدا بەنووسین و قەسیدە بەناو بانگ بوو، تەنانەت قەسیدەی (الاعراف) بەدرێژترین قەسیدە دادەنرێت لەو زەمەنەدا نوسیویەتی، لە (432) بەیت هۆنراوە پێک هاتوە، ئەم قەسیدەیە یەکێکە لەرێشەکانی قەسیدەی ئینگلیزی تا ئەم ساتەی ئەدەبی ئینگلیزی..

### ئەدگار ئالان پۆو قەسیدەی قەلەڕەش

قەسیدەی »قەلەڕەش«ی ئەدگار ئالان پۆ یەکێکە لە نازدارترین قەسیدە ئینگلیزییەکانی جیهان. زنجیرە فیلم کارتۆنی »سیمپسۆن«یش کردویێتی بە دەستمایەی تەنزەکانی خۆی. تێگەیشتن لە هۆکارەکەشی قورس نییە. وەزن و مۆسیقای قەسیدەکە بەشێوەیەکە کە هەم لە گوێدا دەزرنگێتەوە هەم خوێندنەوەی رەوانە. بەڵام چەند مانایەک لەم قەسیدەیەدا خۆی حەشار داوە. زۆر کەس ئالان پۆ بە سەرقافڵەی ئەدەبی گۆسیک دەزانن، چونکە هەتا ماوەیەکی زۆر دوای خوێندنەوەشیان ناتوانیت، چیرۆکە ترسناک و شوومەکانی لەبیربکەیت.

### ئەدگار ئالان پۆ و ڤێرجینیا هاوسەری



زانراوە ژیانی سۆزداری بۆ جگە لە ماوەیەکی کورت دڵخۆشی بۆ نەهێنا و دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٣٦ هاوسەرگیری لەگەڵ ڤێرجینیا کچی خاڵە هەرزەکارەکەی کرد کە تا مردن خۆشی دەویست، ئەم دووەمیان نەخۆش کەوت و دوای پێنج ساڵ لە هاوسەرگیری لەگەڵیدا کۆچی دوایی کرد ئەو. لەدەستدانی ڤێرجینیا کە جوانترین شیعری بۆ نووسی، وای لێکرد جارێکی تر نوقم بێتەوە ناو مەیخواردنەوە. دەگوترێت کە ئەو لە کاتی کۆچی دواییدا بەناوبانگترین شیعرەکانی بۆ نووسیوە بە ناوی "ئانابل لی" و لە ناوەڕۆکی ئەم شیعرانەدا مردنی ژنێکی جوانی سەرسوڕهێنەر هەیە. هەروەها بە پەیوەندی خۆشەویستییەکەی چەند ساڵێک دواتر لەگەڵ شاعیر سارا هێلان ویتمان ناسرا، دوای ئەوە ویستی ژنی دووەم لەگەڵ ژنێکی سێیەمدا هاوسەرگیری بکات کە خۆشی دەوێت، هەموو ئەو ژنانەی کە دەیناسین هەمان شتیان دەگوت، کە ئەو تەنها خۆشەویستێکی هەبووە ژنێک لە ژیانیدا، کە هاوسەرەکەی و ڤێرجینیا ئامۆزای بوو.

## نامەی سەربازێك بۆ فەرماندەکەی...

**لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازێك نامەیەکی بەو شێوەیە بۆ ئەفسەرەکەی نووسیبوو:-**

**(جەنابی فەرماندە لەمڕۆ بە دواوە نەفرەت لە جەنگ دەکەم، بۆ هەتا هەتایە چەکەکەم فڕێدەدەم و دەیخەمە ژێر گڵەوە.حەزدەکەم باش بزانیت ئەو بڕیارەم لە ترسی مەرگ نەداوە،سوێند بەخوا لە پێناو خۆشەویستم بۆ هاوسەر و کوڕە چوار مانگەکەم و کچە هەمیشە چاوەڕوانکراوەکەشم نییە.ئەوەی ڕاستی بێت دوای ئەوەی سەربازێکی دوژمنم بەو دەستانەی خۆم کوشت!**

**ئیتر، بۆ تاڵان کردن گیرفانەکانیم پشکنی بەڵام چیم بینی؟!!**

**لەسەر پارچە وەرەقەیەکی تێکەڵ بە خوێن نوسرابوو...بابە، لەو ڕۆژەوەی بەجێتهێشتووم هەموو بەیانییەك تا خۆرئاوابوون لە پێش دەرگا چاوەڕێتم!**

**بە خوا ئەمجارە بێیتەوە توند توند لە باوەشت دەگرم و هەرگیز ڕێگا نادەم جارێکی تر بڕۆیتەوە...**



# جەنگ و خودا و عیشق

یەکێك ئاوی دەدا بە برینداره‌کان
یەکێك تەرمی کوڕەکەی لە باوەش بوو
تەنیا فرمێسکی شك دەدی

باوکەکان بەسەرسوڕماوی دانیشتبوون
نەیاندەزانی بیر لەچی دەکەنەوە

هەندێکیان لەخۆیان دەدا

هەندێکیتر دەستیان تا مانگ درێژ دەکرد و
بە گریانەوە داوی یارمەتیان لە خودا دەکرد

شار وێران بوو

تەم و دوکەل ئاسمانی ئێرەی داپۆشیبوو
خوێن لە سەر جادە ڕژابوو
کەس کەسی نەدەناسییەوە

هەندێك لە برسان دەمردن
هەندێك خۆیان بزر دەکرد

دەتگوت ڕۆژی قیامەتە
سەربازەکان هەندێکیان مردن و ماچەکانیان جێهێشت
هەندێکی تریان تەنیا دڵیان پێوە مابوو

فریشتەو شەیتان تێکەڵ بوون
کەس نەیدەزانی کێ نوێنەری خودایە

ڕۆژێکی ڕەش ڕەش بوو
کەچی من لە ناوەندی ئەم هەموو گوللەیە
لەناوەندی ئەم هەموو نەهامەتیە
لەناوەندی ئەم هەموو
سەربازو
شەیتان و
فریشتەو
خوداو
دایك و
باوکە
سەیری تۆ دەکەم لە ڕۆحم
سات بەسات سەوزتر دەبی

**هۆزان ئیسماعیل کەریم**

# "بۆچی سۆشیالیزم"

# ناوی وتارێکە بە قەڵەمی ئەلبێرت ئاینشتاین



نووسینی: عامر سابیر

زانای بەناوبانگی فیزیا، ئەلبێرت ئاینشتاین لە مەی 1949 دا وتارێکی بەپێزی نووسیوە بە ناونیشانی (بۆچی سۆشیالیزم)1، ئاینشتاین ئەم وتارەی لە یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەی (مۆنسلی ڕڤیوو- پێداچوونەوەی مانگانە)2 دا بڵاوکردۆتەوە کە لە شاری نیویۆرک لە ئەمریکا بڵائەکرێتەوە، ئەم گۆڤارە یەکێکە لە بەتەمەنترینەکان و تا ئێستاش بەردەوامە و هەر دەردەچێت.

ئەم گۆڤارە کە بڵاوکراوەیەکی سۆشیالیستی و مارکسیستییە، کە هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی و کرێکارانی سۆشیالیستی ئەمریکا بڵاویدەکەنەوە، لە مانگی مەی 1998 دا لە یادی پەنجا ساڵەی گۆڤارەکەدا ئەم وتارەی ئاینشتاینی دووبارە بڵاوکردۆتەوە. وە جارێکی تر لە ساڵی 2009 و 2018دا هەمان وتاری بە پێزی ئاینشتانی لە یادی شەست ساڵە و حەفتا ساڵەی گۆڤارەکەدا، دووبارە چاپکردۆتەوە. ئەم وتارەی ئاینشتاین گەرچی زیاتر لە 74 ساڵ پێش ئێستا نووسراوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەر ئەڵێی لە دژی سیستەمی سەرمایەداری لەم کات و ساتەی ئێستادایە کە نووسیوێتی.

لەم وتارەدا دەردەکەوێ کە ئەلبێرت ئاینشتاین (1879-1955) ڕەخنەی توندی لە سیستەمی سەرمایەداری هەبووە و تا سەرمۆخ دژی ئەم سیستەمە بووە. ئاینشتاین لە وتارەکەیدا ئەڵێ "بە بڕوای من، ئەم بێنەزمییە ئابوورییەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری کە ئەمڕۆ مەوجودە، سەرچاوەی سەرەکی هەموو نەهامەتییەکانە". نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەو سیستەمی سۆشیالیستی بە ئەڵتەرناتیڤی سەرمایەداری زانییوە و ئەم بەدیلەی لە وتارەکەیدا بە ڕوونی و لێهاتووی باس کردووە و ئەڵێ "من قەناعەتم وایە کە تەنها یەک ڕێگە هەیە بۆ نەهێشتنی ئەم نەهامەتی و خراپەکارییە گەورانەی ئێستا ئەکرێ، ئەویش لە ڕێگەی دامەزراندنی ئابوورییەکی سۆشیالیستییەوە".

لەم وتارەدا دەردەکەوێ کە مەبەستی ئاینشتاین لە سۆشیالیزم. ئەو سیستەمە بەناو سۆشیالیستییە نەبووە کە لە کاتی نووسینی وتارەکەیدا بۆ زیاتر لە سی ساڵ لە یەکێتی سۆڤییەتدا بەرقەراربووە و خۆی بە سۆشیالیزم ناساند بوو. لەم وتارەدا دەردەکەوێ کە ئاینشتاین بە وردی مارکسی خوێندۆتەوە و بە قوڵی درکی بە ڕەخنەی مارکس لە سەرمایەداری کردووە و مەبەستی ئاینشتاین لە سۆشیالیزم، ڕێک ئەوەیە کە مارکس باسی کردووە و بە هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانی شوێنی کار لە سیستەمی سەرمایەداریدا وەسفی ئەکات. ئاینشتاین لە وتارەکەیدا ئەڵێ "پێویستە لەبیرمان بێت کە ئابوورییەکی پلان بۆ دارێژراو، هێشتا سۆشیالیزم نییە".

ئەلبێرت ئاینشتاین، سەرەڕای ئەوەی زانایەکی مەزنی زانستی فیزیا بوو،




لەهەمانکاتدا هەڵسوڕاوێکی کارای دژی ڕەگەزپەرستی و دژی نەتەوەپەرستی و دژی چەکی ئەتۆمی بوو. نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەتوانین بڵێین مارکسیستێک بوو کە لە دیدگای کۆمۆنیستییەوە سەیری کێشەکانی کۆمەڵگای ئەکرد. هەر بۆیە ئەم زانا گەورەیە کە هەڵسوڕاوێکی سیاسی چالاکی دەورانی خۆی بووە. بۆتە جێگەی نیگەرانی دەزگای سیخوڕی (ئێف بی ئای) و بە وردی چاودێری هەموو جوڵە و هەڵسوڕانێکیان کردووە و بە کۆمۆنیست و سیخوڕ تاوانباریان کردووە و فایلەکەی لە (ئێف بی ئای) زیاتر لە 1800 پەڕەیە3، کە بە وردی تەلەفۆنەکەیان گوێلێگرتووە و نامەکانیان کردۆتەوە و تەنانەت ئەو زبڵەکەش کە لە ماڵەکەی ئەوەوە هاتووە، کۆکراوەتەوە و بۆ بەڵگە گەڕاون تیایدا.

هەر لە سەردەمی گەنجییەوە ئاینشتاین چالاکوانێکی سیاسی بووە. هەر لە سەرەتای لاوێتیدا لە دژی سیاسەتی عەسکەرتارییەتی حکومەتی ئەڵمان بووە. لە کاتێکدا کە لە ئەڵمانیا بوو، بە توندی دژی جەنگی یەکەمی جیهانی بووە و یەکێک بوو لەو چوار ڕۆشنبیرە گەورەیەی مانیڤێستێکیان لە دژی ئەو جەنگە ئیمزا کرد. ئاینشتاین کە لە ئەمریکا بوو، بە توندی بەرگری لە مافی ڕەشپێستەکان کردووە و دژی هەڵاواردن بووە و چالاکوانێک و یارمەتیدەرێکی کارای هەڵسوڕاوانی ڕەش پێست و کێشەکانیان بووە.

لە ساڵی 1950 دا لە کاتێکدا حکومەتی ئەمریکا بڕیاری ئیعدامکردنی چەند ڕابەرێکی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکای دا، لەوانە ژن و مێردێک بە ناوەکانی (جولیەس ڕۆزەنبێرگ وئێتەڵ ڕۆزەنبێرگ)4 بە بیانووی ئەوەی گوایە سیخوڕی یەکێتی سۆڤییەت بوونە و زانیاریان لەسەر چەکی ئەتۆمی داوە بە سۆڤییەت و لە ساڵی 1953 دا ئیعدام کران. ئاینشتاین لە پێشەوەی ئەو کەمپینە بوو کە بۆ بەرگری لە ژیان و ئازادکردنی ئەو دوو ڕابەرە کۆمۆنیستە بەڕێخرا بوو.

ئاینشتاین کە لە 1921 دا خەڵاتی نۆبێلی بردەوە و لە 1922 دا وەریگرت. لە ساڵی 1932دا لە ڕاپۆرتی ئەو سیخوڕەی (ئیف بی ئای)دا کە دیاریکرابوو بۆ ئەوەی بەوردی چاودێری بکات، لەسەر ئاینشتاین پێشنیار ئەکات و ئەڵێ کە نابێت ڕێگە بدرێ ئاینشتاین بێتە ناو خاکی ئەمریکاوە، ئەڵێ گوایە لەبەرئەوەی "تەنانەت خودی ستالین هێندەی ئاینشتاین پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ گروپە کۆمۆنیستی و ئانارکییەکاندا نییە"5.


لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و مردنی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا (فرانکلین ڕۆزەڤێلت) لە 1945دا، هێرشی بەربڵاوی بۆرژوازی ئەمریکا بۆ سەر حیزبە کۆمۆنیست و نەقابەکانی کرێکاران و ڕابەرانیان دەستی پێکرد و حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا و حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا و حیزبی سۆشیالیستی کرێکاری ئەمریکا کە لەوکاتانەدا پڕ نفوزترین بوون، قەدەغە ڕاگەیەندران و ڕابەرانیان سەرکوتکران، زۆریان تیرۆرکران وەیان زیندانی کران وە یان دیپۆرتی وڵاتانی خۆیان کرانەوە. وتاری (گۆشەیەک لە مێژووی پڕشنگداری چینی کرێکاری ئەمریکا)6 کە لە نووسینی نووسەری ئەم دێڕانەیە و لینکەکەی لە خوارەوە دانراوە، تیشک ئەخاتە سەر بارودۆخی ئەو کاتەی ئەمریکا کە ئاینشتاین وتارەکەی تیادا نووسیوە.

ئەوەی کە ئاینشتاین وتارێکی ئاوا ڕۆشن و ڕادیکاڵانە لە 1949دا لە یەکەم ژمارەی گۆڤارێی سۆشیالیستیدا بڵاوکردۆتەوە، دەرخەری ئەوەیە کە ئەو ئاشنابووە و پەیوەندی نزیکی هەبووە لەگەڵ ڕابەرانی کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوانی سۆشیالیستی سەردەمی خۆی لە ئەمریکادا. هەر ئەم بۆچوونە سیاسییە ڕادیکاڵ و کۆمۆنیستی و ئینساندۆستییەی ئاینشتاین بووە کە وای کردووە، کە هەموو جوڵەیەکی ئەو بخرێتە ژێر زەڕەبینی (ئێف بی ئای) و بە وردی چاودیری بکەن و لە هەموو هەنگاوێکیدا بەدواوەی بن.

ئاینشتاین کۆتایی وتارەکەی بەم پەرەگرافەی خوارەوە کۆتایی پێ ئەهێنێ و ئەڵێ: "ڕوونکردنەوە سەبارەت بە ئامانج و کێشەکانی سۆشیالیزم زۆرترین گرنگی هەیە لەم دەورانی ڕاگوزەرەی ئێمەدا. بەو پێیەی لە هەلومەرجی ئێستادا باسکردنی ئازاد و بێ بەربەست لەسەر سۆشیالیزم و کێشەکان کەوتۆتە ژێر تابۆیەکی بەهێزەوە، من بڵاوبوونەوەی ئەم گۆڤارە بە خزمەتێکی گشتی گرنگ ئەزانم".

**سەرچاوەکان:**

1
لینکی وتارەکەی ئاینشتاین بە ئینگلیزی لە گۆڤاری (پیاداچوونەوەی مانگانە-مۆنسلی ڕیڤیوو)



https://monthlyreview.org/2009/05/01/why-socialism/
لینکی وتارەکەی ئاینشتاین بە دەنگ لە سەر یوتیوب.
https://www.youtube.com/watch?v=lu8lQKVcbOs

2
MONTHLY REVIEW
An Independent Socialist Magazine

3
لینکی بەشێک لە فایلەکانی (ئێف بی ئای) لە سەر ئەلبێرت ئاینشتاین.
https://vault.fbi.gov/Albert%20Einstein

4
ناوی ئەو دوو ئەندامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا کە ژن و مێردێک بوون و لە 1951 سزای ئیعدامیان بۆ دەرکرا و لە 1953 دا بە لێدانی کارەبا ئیعدام کران.
Julius and Ethel Rosenberg

5
لینکی وتارێک لە ڕۆژنامەی (زە نیویۆرک تایمز) کە لە 7ی مەی 2002دا بڵاوکراوەتەوە و زانیاری زیاتری تیایە لە سەر فایلەکانی ئیف بی ئای لە سەر ئاینشتاین، کە لە نووسینی (دینس ئۆڤەربای).
https://www.nytimes.com/2002/05/07/science/new-details-emerge-einstein-files-fbi-tracked-his-phone-calls-his-trash.html

6
لینکی وتاری (گۆشەیەکی پڕشنگدار لە مێژووی چینی کرێکاری ئەمریکا)، لە نووسینی عامر سابیر، کە لە 28/07/2021 دا نووسراوە و لە ماڵپەڕی (ئەمڕۆ)دا بڵاوکراوەتەوە:
https://emrro.com/gosheyekipirshingdar.htm

7
ئەم لینکەی خوارەوە گفتووگۆیەکی دۆبلاژکراوی ئاینشتاین و ژنەکەی تیادایە، کە لە لەندەن بانگگراون بۆ سەفارەی ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر پەیوەندی و بیروڕای سیاسی ئاینشتاین و پرسیاری لێ ئەکەن کە ئایا ئەندامی کام حیزبی سیاسییە، کە لەو کاتەدا چاوەڕێی وەرگرتنی ڤیزا بوون.
https://www.nationalgeographic.com/pages/article/science-march-einstein-fbi-genius-science



# ئاگری شەڕی ئیسرائیل زەروورەتێکی هەنوکەیی زلهێزەکانە...

نووسینی: ئارام حەمە ساڵح

کڵپەی شەڕیکی نەگریس ئەمجارەش یەخەی دونیای گرتەوە، هەرچەندە ئەم شەڕە لە ئیسرائیلەوە دەستپێکرد بەڵام نە ئیسرائیل و نە فەلەستین تەنها نابن لەم شەڕەدا، بەڵکو پێدەچێ سەرتاسەری دونیا بگرێتەوە، هەروەکو مێژوو سەلماندویەتی کە هیچ شەڕێک نییە بناغەکەی ئابووری و دەستکەوتە مادیەکان نەبێ بە خواستی زلهێزەکان و سەرمایەداری جیهانی.

هەڵبەتە چارەسەرنەکردنی کێشە نێو دەوڵەتیەکان بە کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دینیشەوە بەردی بناغەی ئەم شەڕە نەخوازراوەن، تێکرای کێشەو گرفتە جیهانیەکانیش تێکهەڵکێشی یەکترن و ئاستەمە لێک جودا بکرێنەوە، لەو کێشە ئاڵۆزانەش کە زلهێزەکان شکستیان هێنا لە چارەسەرکردنیدا ئەمانەن:

### کێشەی ناتۆ ئۆکرانیاو هاوپەیمانەکانی لەگەڵ روسیاو هاوپەیمانەکانیدا؛

شەڕی ئۆکرانیاو روسیا کە لە ئێستادا پێی خستە دووەمین ساڵیەوە بەچارەسەنەکراوی ماوەتەوە دوای ئەوەی کە ئەمریکاو ناتۆ لە ماوەی زیاتر لەساڵێکدا چی هەبوو لە جبەخانەکانیاندا خاڵیانکردەوەو بەرەو ئۆکرانیایان نارد بۆ بەزاندنی روسیا، بەڵام شەڕ و پێکدادان تاکو ئێستاش درێژەی هەیەو هیچ دەرئەنجامێکی نەبوو بۆیە سەرقاڵی ئەڵتەرناتیڤێکی ترن بۆ رزگاربوون لەو قەیرانە، لەم رۆژانەدا بانگەشەی هەڵبژاردنی ئازاد لەلایەن ناتۆو ئەمریکاوە دەدرێ بەگوێی گەلی ئۆکرانیادا و ئەگەری لابردنی سەرۆکی ئۆکرانای زیلینسکی لە ئارادایە.

### کێشەی نێوان ئێران و ئەمریکا؛

کێشەی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە تەواو ئەمریکا و ئیسرائیل و ناتۆی سەغڵەت کردووە زیاد لە دەساڵ دەبێت بەهیچ شێوەیەک نەگەیشتوونەتە ئەنجامێکی یەکلایی کەرەوە، لەلایەک ئێران راستگۆ نییە لە بریاری پەیمانەکانیدا، لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا هەمیشە گێچەڵ پێدەکات و پەلپوو بیانوی زیاتری پێدەگرێ!

### کێشەی مەزهەبی نێوان ئێران و سعودیەو هاوئاوازەکانیان؛

ئەم کێشەیە یەکێکە لە ئاڵۆزترین کێشەی ناوچەکە، چونکە هەریەکە لەم دوو وڵاتە خۆی بە رابەری باڵێکی ئیسلامی دەزانێ، با وردتر بڵێم باڵی ئیسلامی سوننە مەزهەب کە سعودیە مەرجەعیەتی و باڵی شیعە مەزهەبیش کۆماری ئیسلامیی ئێران مەرجەعیەتی، لەم نێوەندەشدا تورکیا بەر سعودیە دەکەوێت و عێراقیش بەر ئێران، سوریاو وڵاتانی دی عەرەبی و ئیسلامیش بەسەر هەردولایاندا دابەش بوون.

### کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل؛

لەماوەی نزیکەی بیست ساڵی رابردوودا سازش و دانوسان لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا دەستی پێکردووە، بارودۆخەکەیان نەشەر و نەئاشتییە جاروبار کەمێک لێک نزیک دەبنەوەو جاروباریش شەڕو پێکدادانی میلیتاری قورس روودەدا.

هێرشی دوێنێی حەماس لە مێژووی حەماسدا کەم وێنەیە، هێرشێکی خەستوخۆڵی پلان بۆ داڕاوبوو، کە تێیدا زیاتر لە سێ هەزار ٣٠٠٠ موشەکی قورس و دوورهاوێژ بەکار هێنرا جگە لە هێرشی پیادەو بەزاندنی سنوورەکانی ئیسرائیل لە ئەنجامیشدا نزیکەی ٦٠٠ هاوڵاتی ئیسرائیلی گیانیان لەدەستداو زیاتر لە ١٠٠٠ بریندار، لێکەوتەوە، جگە لە زەرەرو زیانی ئابووری، چاودێران پێیان وایە کە ئەو پلانە راستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە داڕێژرا بێت، چونکە هێرشەکە لە کاتێکدا بووە کە ئامێری چاودێری دژەموشەکی ئیسرائیلی خەریکی شەحنکردن و چاککردنی چەند کێشەیەکی تەکنیکی بوون بۆیە نەیانتوانیوە کە کاریگەری موشەکەکان بەتاڵ بکەنەوە، لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین کە دەزگای سیخوری مۆساد و چاودێری ئیسرائیل زەفەری پێ براوەو چیتر ئەو دەزگایە ناتوانی وەکو پێشتر چالاک بێ ئەمەش هێندەی تر ئیسرائیل دەخاتە ترس و دڵە راوکێ وە و رەنگە بۆ تۆڵەسەندنەوە چەکی قورس تر بە ئەتۆمیشەوە بەکار بهێنێ.

لە ئەگەری پەرەسەندنی شەڕەکەدا گومانی تێدا نییە کە عێراق و سوریا دەبنە گۆرەپانی شەڕەکە و هەرێمی کوردوستانی باشووریش دەگرێتەوە بەو ئومێدەی



کەمترین زەرەری گیانی و مادی تێدا بکەین و سیاسەتمەدارەکانی کوردوستانیش زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی نەخوازراودا بکەن و یەکدەنگ و یەکرەنگ بن نەک هەر یەکەو لە ئاوازێک بخوێنێ، ئەگەرنا هێندەی تر نێومالی کورد پەرتەوازە دەبێت و وەکوو ئاردی نێو درکمان لێدێت.

پوختە: ئەگەر بەدل و دەروونێکی ساغلەم بروانینە هەمووئەو کێشانەی لەسەرەوە باسمکردو چەندین کێشەی تریش رێک دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تێکرای کێشەکان لە دروستکردنی زلهێزەکان و سەرمایەداری جیهانییە و لە ژێر زەمانەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێ رۆژلەدوای رۆژ کێشەکان کەڵەکە بوون و ئاڵۆزتر بوون و بەمەبەستەوە نەیانویستووە چارەسەری بکەن!

گومانی تێدانییە کە ئەم شەڕە نەگریسەی رووبەرووی دونیا بۆتەوە قوربانی یەکەمی لە خەڵکی سیڤیل و فەقیرو هەژاری هەموو گەلەکان دەبێت بەبێ جیاوازی هەر ئەوانیش دەبنە سووتەمەنی شەڕەکە، لەهەمان کاتیشدا زلهێزەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دروستکردنی موشەکی گرانبەهاو چەکی سوک و قورس باشترین قازانج بەدەست دەهێنن و دەبنە براوەی شەڕ، لەم سۆنگەیەوە تێدەگەین کە بازاڕی ئازاد و سیستەمی لیبرالیزمی نوێی چ دۆزەخێک بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە ساز دەکا.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆشیالیستیتانە. بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکە لێبڕاوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوە رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە بتوانێت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە ببات پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان دەیاننوێ بەلارێ یان پەردەپۆشی بکەن ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن لە رێگای بۆپێشەوەوە پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی ئەنمەنی شوێنی کار و قوربانیانی هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بە ژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەمەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردەوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێل و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# مانۆڕی سەربازیی تۆفانی ئەقسا...

نوسینی: نەوزاد عومەر عەلی



ئەم مانۆرە سەربازییە پارتیزانییەی حەماس بە تێکەڵکردن بە بەتەکنەلۆژیا و سوود وەرگرتن لە هونەری شەری سایبەر (Cyber War)، بێگومان سەدایەکی وای بۆ ئیسلامییەکانی هەموو جیهان بە کوردستانیشەوە دروستکردوە، کە بە سەرکەوتنێکی زۆر نەوعی بۆ جیهانی ئیسلامی دژ بە جولەکە و دوژمنانی ئیسلامی بزانن، وە زیاتر مۆرکێکی ئاینیان بەخشیوە بە مانۆرەکە، لە ڕاستیشدا ئاماژەیەکی ترسناکیشە بۆ ئاییندەی کەرتی غەزە و ناوچەکەش، چونکە نە جوگرافیای کەرتی غەزە، و نە توانای ئابووری و سەربازی بزووتنەوەی حەماس بەرگەی جەنگی درێژ خایەن و نیزامی و بەرەیی دەگرێت، ئەگەرچی هەندێک لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بە یانزەی سێپتەمبەرێکی تر ناوی دەهێنن، ڕەنگە لە واقعیشدا وەک یانزەی سێپتەمبەری 2001 ، ببێتە هۆی شەڕێکی گەورەو هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتیشی بۆ دروست بکرێت، وەک ئەوەی لە ئەفغانستان کرا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستیش دووبارە بکرێتەوەو ئامانجی زۆر شارەوەشی لە پشتەوە بێت.

ئەوەی لای هەموومان ڕوونە، قوربانی شەر هەمیشە خەڵکی سڤیلن لە هەردوو لا، هەمیشەش قوربانی هاش و هوش و گوتاری ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکانی دەستی بازرگانەکانی جەنگن، بێگومان کۆتایی هەموو جەنگێکیش هەر ئاگر بەستە و دەبێت کۆتایی بێت بە بردنەوە یان بە دۆڕاندن بۆ لایەک لە لایەکانی جەنگەکە، بازرگانەکانی جەنگیش لە تەلەفزیۆنەکانەوە نوێژی جەماعەت بۆ سەرکەوتن و دۆڕانیش هەر ئەکەن، چونکە ئەمە بەشێکە لە بە مارکێتکردنی بازرگانی جەنگی ئایدۆلۆژیا .

ئەگەرچی بە مانا مرۆڤایەتییەکەی لە جەنگدا سەرکەوتوو نییە، هەموو لایەک دۆڕاوە، چونکە ئەوەی لە جەنگدا شکۆی دەشکێت خودی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە.

بۆ چوار ڕۆژ دەچێت چەندیین خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئەم مانۆرە سەربازییە لە سۆشیاڵ میدیاوە دەکرێت، بەڵام لێرەدا من دەمەوێت خوێندنەوەیەکی تەکنیکی بۆ شیوازی مانۆرە سەربازییەکە بکەم بە پشت بەستن بە تەکنەلۆژیاکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی، کە لەم قۆناغەی ئەمڕۆی مرۆڤدا تەکنەلۆژیا زیرەکەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا چی سەربازی بێت یان مەدەنی .

تێڕوانین بۆ چەمکی ئاسایش لە سەردەمی جەنگی سارددا بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر تیۆری داکەوتێتی (الواقعیة) دامەزرابوو، لەسەر ئەو گریمانەیەی ئاسایش تەنها لەڕێگەی هێزی سەربازی دەوڵەتەوە بەدەست دێت، هێزی سەربازی سپۆنسەری دەستەبەرکردنی ئاسایش و ڕاگرتنی سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشەیە بۆ بەزاندنی سنوورەکان، لەسەر ئەو بنەمایە خوێندنەوە بۆ چەمکی ئاسایش دەکرا، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هێزی سەربازی دەوڵەت و توانای پاراستنی ئاسایش و گەرەنتیکردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتدا هەیە، لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە، لە سیاسەتی ئاسایشی نێودەوڵەتیشدا پشتبەستن بە هێزی سەربازی وەک ئامرازێکی کۆتایی بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەکانی هەڕەشە و دەستەبەرکردنی بەردەوامی بەرژەوەندی نەتەوەیی بوو. لە ئەنجامدا ئاسایشی دەوڵەت بە واتای ئاسایشی سەربازی بوو، بەڵام ئەم مانۆرە سەربازییەی حەماس ڕاستی ئەم تێۆرەی خستە ژێر پرسیارەوە، ئەوەی سەلماند بۆ هەموومان کە تەنها هێزی سەربازی و دەسەڵاتی ئابووری سەرچاوەی زامنکردنی ئاسایش نین بۆ زلهێزەکان، بزووتنەوە نارازییەکان، ئینجا تێرۆریستی بن یان لیبراڵی یان ڕادیکاڵ ئەتوانن ئاسایشی زلهێزەکان بخەنە ژێر هەڕەشەوە، بە گەشەسەندن و پەرەپێدان بە توانا تەکنەلۆژیاکانیان لە بواری سەربازیدا ئەوەی لە زانستی سەربازی ئێستادا بە جەنگی ئەلیکترۆنی یان بە جەنگی سایبەر پێناسە دەکرێت.

تەکنەلۆژیا لە مێژووی دوو سەدو پەنجا ساڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر شێوازەکانی ژیانی مرۆڤدا هێناوە، لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، شێوازەکانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی گۆڕیوە و نەوە جیاوازەکانی ئامرازەکانی شەڕی پەرەپێداوە.

پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی دەرفەتێکی گەورەی بۆ بکەرە بێ دەوڵەتییەکان ڕەخساندووە، بێگومان بزووتنەوەی حەماسیش یەکێکە لەو بکەرە بێ دەوڵەتانە، کە توانیویەتی هێزی ڕێژەیی خۆی زیاد بکات و پەرەی پێبدات، چونکە توانی لەڕێگای یارمەتی مادی و مەعنەوی لە نەیارەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە، بە تایبەت لەم قۆناغەی ئێستادا کە جیهان وا دەگەڕێتەوە بۆ دوو جەمسەری و ڕەنگە زیاتریش لە دوو جەمسەر، ئەم بزووتنەوەیەش لە ئێستادا جەمسەرگیری خۆی ساغکردۆتەوەو، هەروەها سودی لە ناکۆکییەکانی جەمسەرەکان بە تایبەت لە درێژەی شەڕی ئۆکرانیادا وەرگرتوە بۆ ئەنجامدانی ئەم مانۆرە. و ئەم هەلەی لە بەرژەوەندی خۆیدا لەم کاتەدا قۆزتەوە، هەموو ئەم فاکتەرانە پێکەوە وەک یەک پاکێج ئاسان کاریان کردوە بۆ ئەوەی سوود لە تەکنەلۆژیاکانی جەنگ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە وەربگرێت، بۆ نموونە تەقەمەنی و چەکی زیرەک، درۆن، پرینتەری سێ ڕەهەندی، وە بە ئاسانی بەدەستیان بهێنێت و بیانکڕێت، بە بەردەست بوونی پرینتەری سێ ڕەهەندی توانای چاپکردنی چەکی پێبەخشیوە لە ناوجەرگەی کەرتی غەزەدا، و هەروەها توانی سوود لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەربگرێت لە مانۆڕێکی وەک تۆفانی ئەقسا ئەگەرچی تەکنەلۆژیای فڕۆکەکە زۆر لە قۆناغێکی سەرەتایدا بوو، بەڵام خودی میکانیزمی مانۆرە سەربازییەکە و توانای ئابووری و تەکنیکی ئەوەی دەخواست و هەر ئەوەندەش بوو، توانی باریان بکات لە تەقەمەنی و فیداییە مەشق پێکراوەکان کە ماوەی زیاتر لە چەند مانگێکە سەر قاڵی مەشق کردنن، هەروەها لە ڕێگای ئەپلیکەیشنی مۆبایلە زیرەکەکانەوە ئاراستەیان بکەن بۆ ئامانجی دیاریکراو و سنوورەکانی ئیسرائیل ببڕن، هەروەها بە پشت بەستن بە تەکنەلۆژیای سایبەر و ڤایرۆسی گەشەپێدراو تۆرەکانی ئینتەرنێتی ئیسرائیل ڕابگرێت و سێرڤەرەکانی چاودێری سنوورەکان پەکبخات، بە شێوەیەک مەترسی لەسەر ئاسایشی هێزێکی وەک ئیسرائیل دروست بکات کە خاوەن ئابووریی و هێزێکی سەربازی زۆر زەبەلاحی مۆدێرنە لە تەکنەلۆژیای سەربازیدا، بە سەدان کوژراو و بریندارو دیلیشەوە مانۆرەکە کۆتایی پێبهێنێت، ئاسایشی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی ئیسرائیلیش بکاتە ژێر ترسەوەو ئیسرائیل دۆخی جەنگ ڕابگەیێنێت کە لە ساڵی 1973 وە ئەو دۆخەی ڕانەگەیاندووە.

بەردەستبوونی تەکنەلۆژیا زیرەکەکان بۆ بزووتنەوە نارازییەکانی دونیا ئینجا تێرۆریستی بن یان میانڕەو وڵاتانی خاوەن ئابووری و هێزی سەربازی گەورەی، ڕووبەڕووی ئاڵنگاریەکی گەورە کردۆتەوە، بۆ چاودێریکردنی سنوورە جوگرافییەکانیان، یان بەدەستهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتییەکانیان، چونکە لەگەڵ زیادبوونیاندا لە سەر ئاستی جیهان و کەمی نرخی تێچوونیان، و ئاسان بەدەستهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان، توانای بکەرە بێ دەوڵەتەکان دەرفەتی ئەوەیان پێدەبەخشێت کە مانۆڕی کەم تێچوو، بەڵام بە کاریگەریی گەورە ئەنجام بدەن. بینیمان چۆن حەماس لە ماوەی کەمتر لە حەوت سەعاتدا توانی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل بکاتە ژێر هەڕەشەوەو متمانەی حکومەتەکەی ناتانیاهۆ بلەقێنێت، ئەگەرچی ئەم حکومەتە توندڕەوەی ئیسرائیل جێگەی نارەزایی خەڵکی ئیسرائیل بوو، ماوەیەکی زۆریشە خۆپیشاندان دژی ناتانیاهۆ لە سەرانسەری ئیسرائیل درێژەی هەبوو، بەڵام ئەم مانۆرە دەبێتە هۆی یەکخستنی شەقامی سیاسی ئیسرایێل و نارەزاییەکان پشت گوێ دەکرێت و پێشینە بە ئاسایشی ئیسرائیل دەدرێت، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەم حکومەتە تووشی شکستی سیاسی بکات.

لە ئێستادا جیهان پێویستی بە ئاسایشی ڕاستەقینەیە لەسەر بنەمای پاراستنی مافی مرۆڤ نەک لەسەر توانای هێزو دەسەڵاتی سەربازی، چونکە سەرجەم ئەو دامەزراوانەی کە بریتۆن وودز ناسراون، کە لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم دامەزران بە مەبەستی ڕێگە گرتن لە دووبارە نەبوونەوەی جەنگێکی جیهانی تر، لە ئێستادا شکستان هێناوەو لە قەیراندان لە سایەی جیهانگیری و سیستەمی نیولیبرالیزمدا، ناتوانن ڕۆڵ و ئەرکە یاسایی و پرۆتۆکۆلیە ڕاستەقینەکەی خۆیان بگێڕن، هەموویان لە خزمەتی ئەو کەمینە کەمەدان کە بە کۆمپانیا سەرمایەدارییە سنوور بەزێنەکان ناسراون، کە وەک گەنە خێر و بێرو و سامانی نەتەوەکان دەمژن، هەمیشەش لە هەوڵی دروستکردنی شەڕو نا ئارامین لە سەرانسەری جیهاندا، چونکە جەنگ باشترین ئامڕازە بۆ درێژەدان بەکەڵەکەکردنی سەرمایەی زیاتر بۆ کۆمپانیاکانیان.

لە کۆتایدا ماوەتەوە بڵێم، ئەگەرچی ئیسرائیل دەتوانێت لە مەودایەکی کورت خایەندا کۆنترۆڵی مانۆرەکە بە قازانجی خۆی ببات، و بە پێچەوانەوەی ئەوەی ئێستا لە ئارادایە تەرازووی مانۆرەکە لە بەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت لە ڕێگای سوپاو ئابلۆقەی ئابوورییەوە لە وشکانی و دەریاوە، پاش ئەوەی لە ئێستادا هێزێکی دەریایی ئەمریکا کۆنترۆڵی دەریای ناوەراستی کردووە، ناتوانرێت هیچ هاوکارییەک بگاتە غەزە، تەنها ڕێگەیەک مابێتەوە ئەویش لە سیناوەیە، بێگومان بە هیچ شێوەیەک وڵاتی میسریش ڕێگە نادات سوود لەو سنورە وەربگیرێت، چونکە بۆ میسر بزووتنەوە ئیسلامییەکان جێگەی هەڕەشە بوونە لە ڕابردوو و لە ئایندەشدا .

بەڵام ئەم ستراتیجە سەربازی و سیاسیەش، لۆژیکێکە ناتوانێت ئاسایشی درێژخایەن بۆ ئیسرائیل و حەماس وناوچەکەش مسۆگەر بکات، لە ئایندەدا ڕەنگە ناوچەکەو جیهانیش بەرەو شەڕێکی گەورە ببات...

# ململانێ و جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ریشەی لە چیدایە؟

عەبدوڵا مەحمود

چارەسەرنەکرانی کێشەی فەلەستین، هیشتنەوەی یەکێک لە کێشە ئاڵۆزەکانی دنیای ئەمڕۆیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کە راستەوخۆ سایەی کردۆتە سەر بلۆکبەندیەکانی جیهان و لێکەوتەکانی لە ئاستی دنیادا. هاوکات یەکێکە لەو کێشانەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی لەدۆخێکی هەمیشە نائارامدا راگرتووە. دیارە تا ئەو کێشەیەش چارەسەر نەکرێت، نائارامی و پشێوی سیاسی درێژەی دەبێت و وەکو واقعیەتیکی تاڵ سایەی خۆی بەسەر سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهاندا دەهێڵێتەوە.

کێشەی فەلەستین لە بنەرەتدا کێشەی خەڵکێکە کە نزیک بە سەدەیەکە ژیانکردن لەسەر زەمینی خۆی لێ زەوت دەکری، ئەم بێبەشی و ستەمە بەرەو هەڵکشان براوەو خەڵکەکەی زوڵملێکراوتر و دەربەدەرکراون و مافە زۆر سەرەتاییەکانیان لێزەوتکراوە. لەو جێگایانەش کە فەلەستینیەکان ماونەتەوەو ئاوارەی ناو کەمپەکان و دنیا نەکراون، بەکردەوە بوونەتە هاوڵاتی پلەی سێهەم و چوارەم و دەوڵەتی ئایینی ئیسرائیلی، چ بەوێنەی یەهودی بوون و چ بەوێنەی ئیسرائیلی بوون، مافی ئەم خەڵکە پایماڵ دەکەن.

دیارە لەکۆتایەکانی دەهەی چوارەمی سەدەی بیستەمەوە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مافی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی دان پیاناوە، بەڵام بەکردەوە ئەمە نەک جێبەجێنەکراوە، بەڵکو خودی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە تاهاتووە پابەندبوونی بە بریار و پەیامەکانی خۆی لەدەستداوە، کەوتۆتە ژێر هەژموونی و باڵادەستی ئەمریکاوە، بەو هۆیەشەوە ئەم بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیان بریاری تری لەسەر رەفەکانی دنیای دیموکراسیدا!!، بەتایبەتی بریارەکانی دژ بە سیاسەت و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل، خۆڵی لێنیشتووە.

هەموو ئەو کێشمەکیشە میژووییەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین کە دەورەیەک بەناوی کێشەی" عەرەب- ئیسرائیل" ناسرا و هەموو ئەو جەنگانەی لەناو دڵی ئەم کیشە و ململانیەدا لە کۆتایی ٤٠ کانی سەدەی رابردووەوە روودەدەن، رەنگدانەوەی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەیەیە، کە بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکە بۆ فەلەستینیەکان.

ملنەدانی ئەمریکا و غەرب بەچارەسەری کێشەی فەلەستین و شکستی ناسیونالیزمی عەرەب لەو ململانێیەدا، جیگای خۆی داوە بە ململانێی نێوان دەوڵەتی ئاینی تیرۆریستی ئیسرائیل لەلایەک و رەوتگەلی ئیسلامی سیاسی تیرۆریست لەچەشنی حەماس و جیهادی ئیسلامی و حزبوالله لەلایەکی ترەوە. دیارە لەپشتی هەردوو لایەنەوە هێزگەلی گەورەتری وەکو ئەمریکا و غەرب و ئیران و روسیاو... وەستاون و ئەوان ماتۆری ئەم جەنگ و ملهورییە نەبڕاوەیەن کە لکێنراوە بەکیشەی سیاسی ترەوە، لەپێناو باڵادەستی و هەژموونی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

راگرتن و لەباربردنی پرۆسەی رێکەوتنی ئاشتی ئیسرائیل و فەلەستین، هێندەی پەیوەندی بەلایەنە دەرەکیەکانی ئیسرائیل و فەلەستینەوە هەیە، نیوئەوەندە وابەستە بەبڕیاری خۆیانەوە نییە. ئەمریکا و تارادەیەک غەرب نایانەوێت پرۆسەی ئاشتی بچێتە پێشەوە و بریاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستنی بە جێگایەک بگات، بەڵکو بە ئاشکرا پشتیوانی لە سیاسەتی دەستی راستی دەوڵەتی ئیسرائیلی بۆ یەهودنیشین کردنی ناوچە فەلەستینیەکان و دەرکردنی فەلەستینیەکان دەکەن و نەک هەر چاوپۆشی لە ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن، بەڵکو هاوکاری و پشتیوانی دەکەن. لەلایەنی بەرامبەردا ئیران و رەوتگەلی ئیسلامی وەستاون و لەسەر پایەی دارمان و شکستی ناسیونالیزمی عەرەب لەو پرۆسەیەدا، بوونەتە مەیداندار و خۆیان بە کیشەی خەڵکی فەلەستینەوە هەڵواسیوە تا لەو رێگایەوە لەلایەکەوە ململانێی سیاسی خۆیان لەسەر دۆسییەو ململانێ ناوچەیی نێوانیان پەرەپێ بدەن، لەلایەکی تریشەوە بە هاوکاری و پشتیوانی لە درندەترین هیزی ئیسلامی سیاسی لەچەشنی حەماس، پرسی رەوای خەڵکی فەلەستین لەبار ببەن و ببنە رووی دووەم و تەواو کاری ململانیی تیرۆریستی لەبەرامبەر ئیسرائیلدا.

هێرشی غافڵگیرانەو فراوان و هەمەلایەنەی تیرۆریستی شوکهێنەری حەماس بۆسەر شارە یەهودی نشینەکانی ئیسرائیل لە حەوتی ئەم مانگەدا، هەیمەنەی ئیسرائیلی شکاند و پێگەی و جێگاو ڕیگای حەماسی تیرۆریست بردە سەرەوە، ئەمەش لانی کەم و لە کورتماوەدا وەکو قارەمانی رزگاریبەخشی فەلەستین لەدنیای عەرەبدا جێگا دەگرێت. جیا لەوانە حەماس لەکاتێکدا دەستی بۆ ئەم کردەوە ئینسانکوژییە برد، کە هەژموونی ئەمریکا لەسەراسەری دنیادا روو لە لێژیە و هاوکات وڵاتانی عەرەبی بەهێزتر و سەقامگیر تر لە پێشوون و خۆشیان بوونەتە کاراکتەری راستەوخۆی ناو روداوەکان لە ناوچەکەدا.

کاردانەوەی و هێرشی فراوانی ئیسرائیل بۆسەر کەرتی غەزە، بەجیا لەوەی دەیەوێت تۆڵەی ئەم هێرشە شکۆ شکاندن و غافلگیرییەی بکاتەوە، لەبنەرەتدا ریشەی لەو ململانێ میژوویی و لەو بەرامبەرکێی تیرۆریستیەدایە کە چەندین دەهەیە دریژەی هەیە و لەهەر برگەیەکدا سەرکەوتنی ئیسرائیل بۆتە مایەی داگیرکاری زۆرتر و ملهوری هەوسارپچراوتر. جەنگی ئەمجارەش بێگومان لێکەوتەی جیاواز جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دریژە دەکێشێت، بەڵام ئایا ئەمجارە دەوڵەتی ئیسرائیل لەرێگای کاردانەوەکانیەوە دەتوانێت حەماس تێکبشکێنیت و پێشرەوی بکات، یان دەبێتە سەرەتایەک بۆ شکست و پاشەکشەی ناچاری، ئەوە وابەستەی روداوەکانی داهاتووە.

چ ئیسرائیل و چ حەماس بە هاندان بەپاساوی "مافی بەرگری لەخۆ کردن"، دەیانەوێت هەردوولایان وەکو دوو بەرەی تیرۆریستی خۆیان بەوێنەی زوڵم لێکراو!!، نیشان بدەن. چ ئەمریکا و ناتۆ کە زوو ڕایانگەیاند ئیسرائیل مافی بەرگری لەخۆی هەیە. بەو پەیامە لەلایەکەوە دەیانەوێت هێرش و ملهوری هەموو رۆژەی ئیسرائیل بۆسەر خەڵکی فەلەستین دابپۆشن و لەلایەکی تریشەوە رەوایەتی بەدرێژەدان بە جەنگ و ملهوری تیرۆریستی بدەن. لە بەرەی بەرامبەردا هەر زوو ئیران و هاوئاهەنگەکانی رایانگەیاند کە حەماس و فەلەستینیەکان!! مافی بەرگری لەخۆکردنیان هەیە، بەوەش لەلایەکەوە ویستیان ملهوری هەموو رۆژەی تیرۆریزمی حەماس و سەرکوتگەرییەکەی چ لەبەرامبەر بە خەڵکی ژێر دەسەڵاتیان لە غەزە و چ کردەوە تیرۆریستەکانیان چاوپۆشی لێ بکەن و هاوکاتیش هانیان بدەن بۆ بەردەوامی جەنگی تیرۆریستیان لەدژی ئیسرائیل و خەڵکی بێتاوانی ئیسرائیل.

ئەمریکا و ناتۆ ڕێگرن لە چارەسەری کێشەی فەلەستین و دروستکردنی دەوڵەت بۆ فەلەستینیەکان، چونکە ئەوە بە لاوازبوونی دەوڵەتی گوێ لەمستیان ئیسرائیل لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەزانن و ئەمەش بەپاشەکشە و شکستی خۆیان دەبینن. ئێران و هیزو گرووپە تیرۆریستیەکانیش، کە خۆیان بە کێشەی فەلەستینەوە هەڵواسیوە، بەپێکهینانی دەوڵەتی فەلەستین، گەورەترین دۆسیەی پر کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەدەستیان دەردەچیت و ئەم رەوتە و بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی بەشێوەی گشتی لە ئاستی جیهانیدا کەنار دەخات.

لەناو دڵی ئەم دۆخەدا، هیچ ڕێگایەکی تر لەئێستادا بوونی نییە جگە لەوەی کە بەخێرایی جەنگ رابگیرێت و پرۆسەی ریکەوتنی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکاندا دەست پێبکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری دروستکردنی دوو دەوڵەت بۆ فەلەستینیەکان و ئیسرائیلیەکان. کارێکی لەمجۆرەش بەبێ هاتنەمەیدانی جەماوەری زەحمەتکێشی ئیسرائیل و فەلەستین و پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی دنیا بۆ فشارخستنە سەر دەوڵەتی ئیسرائیل و نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمریکاو دەوڵەتانی رۆژاوا و کەنارخستن و دورخستنەوەی دەستی ئەمریکا و ناتۆ لەلایەک و ئیران و رەوتە ئیسلامیەکان لەلایەکی تر، لەتوانادا نیە.

تا کێشەی فەلەستینیش چارەسەر نەکرێت، باسی گێرانەوەی ئارامی و ئاسایش لەلایەک و کۆتاییهێنان بەرۆڵی ملهورانەی ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لەوەهم زیاتر نییە.

**تێبینی: ئەم بابەتە لە دوا ژمارەی ئۆکتۆبەردا بڵاوکراوەتەوە...**



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## ئامادەیی نوێ و ڕابەرانی ڕوو لە گەشە...

## بـەشی پێنجەم

ب) ئامادەیی نوێ و ڕابەرانی ڕوو لە گەشە. لەبەر نەبوونی بەشێکی گرنگ لە ڕابەرانی ناسراو و بەئەزموون، توێژێکی بەرفراوان لە ڕابەرانی نوێ دێنە مەیدانەوە. ئەمانە بە گشتی کرێکارانێکن بە هۆشیاریی سیاسی و تاقیکردنەوەی عەمەلی کەمتر، بەڵام پڕ شۆڕ و شەوق و نارازین، گەنجترن و خاوەنی ورەیەکی بەرزترن. هاوڕێیانی ئێمە لە کارخانەکان و گەڕەکەکاندا پێ بەپێ لەگەڵ ئەم ڕابەرە تازە پەیدابووانەدا ئاشنا دەبن. لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا، لە کۆڕ و کۆمەڵی نارەزایەتیی دەربڕیندا، کەسانێک هەن، کە بە هەر شێوەیەک بێت قسەی خۆیان بە گوێی هەمووان دەگەیەنن، لە بەرامبەر دارودەستەکانی دەوڵەت و خاوەنکارەکاندا دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرز دەکەنەوە. جاری وا هەیە بە قسەکردن یا بە دەربڕینی ڕستەیەک، بار و دۆخی دانیشتنە کرێکارییەکان دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. لە زۆر کاتدا بە باشی دەبینرێت، کە دەخاڵەتی ئەوان زیاتر لایەنی ئیحساسی هەیە. دیارە کە بە شۆڕ و شەوقن و کەسێک جڵەوی نارەزایەتییان ناگرێت. لە بەرامبەر داسەپاندن و گوشاردا هەستیارن و لە نارەزایەتی تاکەکەسیدا ئازا و بەجەرگن. قسەکانیان زۆر ڕێکوپێک و بە جێوڕێ و ئوسوڵی نییە، زیاتر ڕاگەیاندنی پڕ لە ئیحساسی کولەمەرگی و ستەمکێشییە تا بانگەوازکردن بۆ هەنگاوی عەمەلی و سیاسی حیسابکراو. بەڵام شۆڕ و شەوقی خەباتگێڕانە تیایاندا شەپۆل دەدات. ئەمانە وردەوردە پاڵپشت و خۆشەویستی کرێکاران بەدەست دەهێنن، بەڵام کاڵوکرچی و نەبوونی زەمینەی پێشووتری ڕابەرایەتی، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە نەتوانن بە باشی و بە خێرایی ببنە یەک ڕابەری عەمەلیی ناسراو. هاوڕێیانی ئێمە دەبێ ئەم توێژە لە کرێکاران بە وردی و حەساسییەت لە بەرچاو بگرن. ئەمانە کەسانێکن، کە لە لایەنی کەمی ئەو توانایە بەهرەمەندن، کە ببنە ئاژیتاتۆری باش و ئەگەر هۆشیار ببنەوە، بە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی چەکدار بن و ببنە خاوەن ئەزموون، دەبنە نەوەی نوێ لە ڕابەرانی کۆمۆنیستی عەلەنیکار لە بزووتنەوەی کرێکاریدا. کارکردن لە نێوان ئەم کرێکارانەدا بۆ پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییەکان لە ڕوانگەی ئێمەدا شتێکی حەیاتییە. سەرخەتی ئەرکەکانی ئێمە لەم بوارەدا ئەمانەیە.

١) نەک تەنها دەبێ لەگەڵ ئەواندا پەیوەندی دامەزرێنین، بەڵکوو دەبێت پەیوەندیی ئامادەبوونی شەخسی و بەردەوامی نێوان ئەوان لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبیی بەئەزموون لە کاری تەرویجدا دامەزرێنین. دەبێ هاوڕێی حیزبی لە پەیوەندییەکی سروشتیدا، ببێت بە دۆست و هاوڕێیەکی هەمیشەیی ئەم کرێکارانە. ئەمانە ئەو ئاژیتاتۆرانەن کە لە حاڵەتی "فێرکاری"دا، دەبێت لە مەیدانی کاردا فێر بکرێن.

٢) دەبێ ئەوانە فێری کۆمۆنیزم بکرێن. ئەم کرێکارانە دەبێ لە ڕێگەی ئێمەوە ئاشنای پایەکانی کۆمۆنیزم و بۆچوونە ڕیشەییەکانی مارکسیزم ببن. پاش ماوەیەک بەسەر ئەم کارە ئەم هاوڕێیانە دەبێ حیزبی کۆمۆنیست، ئامانجەکان، تاکتیکەکان و شێوەکانی بناسن و پەرۆشی کارکردن لەگەڵ حیزبدا بن.

> **کارکردن لەنێو کرێکارانی پێشڕەو بۆ ڕاکێشانی ئەوان بۆ ناو حیزبی کۆمۆنیست هەڵسووڕانێکی ڕۆتینی و هەمیشەیی ئێمەیە. بەڵام هەوڵ و تەقەلا بۆ پڕکردنەی شوێنی چۆڵی ئاژیتاتۆرە عەلەنیکارەکان لە کاری کۆمۆنیستیدا، بەشێکی تایبەتی ئەم هەڵسووڕاوییە هەمیشەییەی ئێمەیە**

٣) ئەم کرێکارانە دەبێ ڕۆڵ و مەوقیعەتی یەک ئاژیتاتۆر و گرنگی ئەو بۆ شۆڕش و خەباتی کرێکاری درک بکەن و هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕۆڵی خۆیاندا بکەن. هەرچی زیاتر دەبێ دەخاڵەتی ئەوان لە نارەزایەتییەکانی کرێکاریدا لە شێوەی یەک دەخاڵەتی پڕ ئیحساس بێتە دەرەوە و ببێتە دەخاڵەتێکی عاقڵانە و ئامانجدار، کە بە سیاسەت و ڕێبازێکی چینایەتی دیاریکراو (سۆسیالیزم) و حیزبێکی سیاسی و موشەخەس (حیزبی کۆمۆنیست) پەیوەست دەبێتەوە.

٤) پێویستە هونەری ئاژیتاسیۆنی کۆمۆنیستی فێر بکرێن. ئاژیتاتۆر کەی دێتە مەیدانی کارەوە، کەی دەبێت بە شێوەیەکی حەتمی دەخاڵەت بکات و لە کوێدا دەبێت ئیحتیات وەربگرێت، چۆن دەبێت فەزا و چوارچێوەی چالاکی و مەوقیعەتی خۆی بناسێت، سنوور و کۆسپی نهێنی قسەکردن، یان ئاشکراوتنی مەسەلەکان چۆن ڕۆشن دەکرێتەوە، چۆن دەبێ بۆچوونی ڕاست و درووست تەنانەت درووشمە تایبەتییەکانی حیزبیش تەبلیغ بکات بێ ئەوەی ببێتە قوربانی دنەدانی بەکرێگیراوانی بۆرژوازی، چۆن دەبێ خۆی بپارێزێ، پەیوەندی بە جەماوەری کرێکارانەوە دەبێ چی بێت، لە بەرامبەر پۆلیسی سیاسی چۆن ناسنامەی خۆی دەناسێنێ و کارەکانی خۆی چۆن ئاراستە دەکات، تا چ ڕادەیەک و لەژێر چ هەلومەرجێکدا بۆی هەیە بە ئاشکرا پەنجە بۆ کۆمۆنیزم و سیاسەتە کۆمۆنیستییەکان ڕابکێشێت، چۆن دەبێ توانای بەکردەوە و حەشاردراوی بزاڤێک، کە دەیەوێت ڕێنمایی بکات بناسێت، پیلانەکانی بەکرێگیراوانی بۆرژوازی لە چ قوماشێکە، بەکرێگیراوانی دەوڵەت و خاوەنکارەکان چۆن لە ئاکسیۆنەکاندا دووبەرەکی دەخەنەوە و چۆن دەبێت ئەم هەنگاوانە پووچەڵ بکرێنەوە ... یاسا و ڕێسای بوونە نوێنەری کرێکاران چییە، چ شێوەیەک لە وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت و خاوەنکاردا دەبێت بەکار بێت. چۆن دەتوانرێت زۆرترین هێزی جەماوەریی کرێکاران ساز و تەیار بکرێت و لەمەیداندا چاودێری بکرێت و دەیان پرسیاری گرنگی "شێوەکاری" لەم چەشنە. ئەمانە دەبێ بە تەواوی و بە وردی فێری ئەو ئاژیتاتۆرانە بکرێن، کە لە حاڵەتی فێرکاری دان و کارکردی ئەوان لە هەر کارێکدا ڕاست بکرێتەوە.

بەکورتی لە مامەڵە لەگەڵ کرێکارانی پڕ شۆڕ و شەوق و خاوەن نارەزایەتی، دەبێ بە حەساسییەتێکی تەواوەوە لێهاتوویی ئەم هاوڕێیانە بۆ بوون بە ئاژیتاتۆرێکی ئاشکرا و ڕابەری عەمەلی هەڵبسەنگێنرێن. خاڵە لاوازەکانی ئەوان شی بکرێنەوە و لە حاڵەتێکدا کە ئامادەیی و لێهاتوویی شەخسی و باری ئەمنییەتی ئەو جێی متمانە بێت، دەبێ پەیوەندییەکی هەمیشەیی و پتەو لە پەیوەندییەکی سروشتیدا لە نێوان ئەو و یەکێک لە مورەویجینی حیزبدا پێک بێت. ئوسوڵی کۆمۆنیزم و شۆڕشی کرێکاری فێر بکرێت و کاری تەبلیغی ئەو لە مەیدانی عەمەلیدا ڕێنومایی بکرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت. لەم نێوەدا بەدیهێنانی پەیوەندییەکی هاوڕێیانە، ئوسووڵی و ڕێکخراو لە نێوان هاوڕێی حیزبی و ئاژیتاتۆری تازەکار زۆرترین ڕۆڵی هەیە. ئەم پەیوەندییە لە هەمان کاتدا کە ئیمکانی فێرکردنی ئاژیتاتۆر دەخولقێنێ، سنوورێک لە نێوان ئەو و خەتی نهێنیی ڕێکخستندا پێک دێنێ و مەترسیی گواستنەوەی زەربەلێدان کەم دەکاتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئاژیتاتۆر خۆی پەی بە گرنگی و نرخی کاری "فیرکەر" بەرێت و هۆشیارانە ئەو لە شوێن پێهەڵگرتنی پۆلیس بپارێزێت (دەربارەی ئەم مەسەلەیە، لە خوارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەدەین).

کارکردن لەنێو کرێکارانی پێشڕەو بۆ ڕاکێشانی ئەوان بۆ ناو حیزبی کۆمۆنیست هەڵسووڕانێکی ڕۆتینی و هەمیشەیی ئێمەیە. بەڵام هەوڵ و تەقەلا بۆ پڕکردنەی شوێنی چۆڵی ئاژیتاتۆرە عەلەنیکارەکان لە کاری کۆمۆنیستیدا، بەشێکی تایبەتی ئەم هەڵسووڕاوییە هەمیشەییەی ئێمەیە. پەروەردەکردن و ڕاکێشانی ئاژیتاتۆر بە مانای زیادکردنی مەیدانێکی نوێیە بۆ چالاکییەکانی ڕێکخستنی نهێنی. هاوڕێیانیک کە وەکوو ئاژیتاتۆری ئاشکرا دێنە حیزبەوە، هەر تەنها نابنە فەردێکی تازە لە تۆڕی حیزبدا، بەڵکە مەیدانێکی تازە لە هەڵسووڕان دەخەنە بەردەست. بەم پێیە دەبێ تایبەتییەکانی ئەم مەدانە ئاشکرایەی هەڵسووڕان بە باشی بناسرێ و جێی واقیعیی ئاژیتاتۆر بەو ببەخشرێت. تا ئەو کاتەی کە ئێمە لەڕووی عەمەلییەوە توانای پێهەڵهێنانەوەمان نەبێت بۆ ئەم مەیدانەی هەڵسووڕان، واتە تا ئەو دەمەی کە ڕێکخراوی ناوچەییی ئێمە (لە کارخانە و لە گەڕەک) خاوەنی کۆمەڵێک ئاژیتاتۆری ئاشکرا نەبێ، کە بە شێوەی ئوسوڵی لەگەڵ ڕێکخراوی نهێنی حیزب پەیوەستن و لەڕێی ئەوەوە ڕێنومایی دەکرێن، ئەوا دەخاڵەتی واقیعیی کۆمۆنیستی لە ئاکسیۆنە کرێکارییەکاندا ئەگەر لە تواناندا نەبێت، لە باشترین حاڵەتدا بەڕێکەوت، کەم کاریگەر و ڕووکەش دەبێ و لە هەموو دۆخێکدا مەترسیی تەواو بۆ هەموو ڕێکخستنەکانی حیزب دەهێنێتە کایەوە. ئاکسیۆنیزم بە دەربڕینێکی هەرە گشتی، مانای دەستدانە کارکردنە لە کاتێکدا و لەژێر هەلومەرجێکدا کە پێداویستییەکان و زەمینەی مادی و واقیعیی ئەم کارە فەراهەم نییە.

بۆلاپەڕە 16



# خەسرەو سایە: بەبروای من لەکوردستان بزوتنەوەیەکی چینایەتی لەدژی دەسەڵاتی ئەحزابی بۆرژوازی کورد بۆ موچەو نان و مەعیشەت لەئارادایە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ خەسرەو سایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان"

### بەشی یەکەم

**بۆپێشەوە: بڕیار و گوشارەکانی بەغدا لە دوای شەڕی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەرەوە بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم، بەردەوامە، هۆکاری سەرەکی ئەم گوشارانە چییە؟**

**خەسرەو سایە؛** هۆکاری ئەو گوشارانەی کەبەغدا لەدوای شەڕی داعشەوە بۆسەر هەرێم دەستی پێکردوە، ئەو ئاڵوگۆڕەیە کەلەهاوکێشەی هێزی نیوان حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان و لایەنە شیعی وسونی و دەستەو تاقمە میلیشیایەکانیاندا پێکهاتووە. بەواتایەکی تر ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دەرپەراندنی هێزەکانی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەکەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان خۆی سەرەتایەک بوو لەلایەک بۆ بەستنی دەرگا لەبەردەم ئابوری سەربەخۆ و دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت و دەستبردن بۆ ڕیفراندۆم و هەموو ئەو پێ لێراکێشانەی کەپارتی و لایەنە هاوئاوازەکانی لەراستای فراوانکردنەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵات و بازاڕی ئابوری بۆرژوازی کورد وەک ستراتیژێک لەژێر ناوی "کوردستانێکی بەهێز"دا بانگەشەیان بۆدەکرد، وە لەلایەکیتریشەوە نیشانەیەک بوو لەگۆرانی ئەو هاوکێشەیەی کەلەنێوان ناسیونالیزمی کوردو لایەنە عێراقیەکاندا، لەژێر سایەی ڕۆڵی ئەمریکا بەدوای جەنگی دووەمی کەنداو و روخانی ڕژێمی بەعسدا لەسالی ٢٠٠٣ دا هاتەکایەوەو لەچوارچێوەی دەستورێکدا جێگیر کرا. بێگومان سەرهەڵدانی ئەم هاوکێشە تازەیە کەبەدوای کۆتایی شەڕی داعشدا سەری هەڵداوە، لەگۆشەیەکی سەرەکیدا بەرئەنجامی ڕۆڵی ئەمریکاو ئێرانە لەعێراقدا، کەلەبەرتیشکی ناکۆکی و کێشمەکێشی هێزە جیهانی و ناوچەیەکاندا، هەردوولایانی بەهاوڕایی لەسەر ئیستقرار پێکردنی دۆخی عێراق و سازدانەوەی دەوڵەتێک کەبتوانێ ئارامی لەبەردەم سەرمایەو کۆمپانیا جیهانی و ناوخۆییەکان دابنێ گەیاندووە. لەجەرگەی ئەم دۆخەشدا، لایەنە عیراقیەکان و حکومەتی عێراقی بەوە گەیاندووە کەدەسەڵات مەرکەزی بکەنەوەو وردە وردە هەم ئەو دەسەڵاتەی کەناویان ناوە "قەوارەیەی هەرێم"، بچوک و لاواز بکاتەوە بۆسەر ئاستی هەرپارێزگایەکی تری عێراق و هەم ئەو ئیمتیازاتانەی کە حیزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکان پێشوتر پێیان درابوو، وەری بگرنەوە. فشارەکانی دادگای عێراق بۆسەرهەرێم، تا لەدەست دەرهێنانی گومرگ و خاڵە سنوررییەکان ومەلەفی نەوت، تا کێشە لەسەر نەوت و بودجە و دەیان بابەتی تر هەمویان ڕەنگدانەوەی ئەو گۆرانکاریانەن کە لەهاوکێشەی هێزی نیوان بەغداو حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردو دەسەڵاتەکەیاندا ڕویانداوە.

> **هۆکاری ئەو گوشارانەی کەبەغدا لەدوای شەڕی داعشەوە بۆسەر هەرێم دەستی پێکردوە، ئەو ئاڵوگۆڕەیە کەلەهاوکێشەی هێزی نیوان حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان و لایەنە شیعی وسونی و دەستەو تاقمە میلیشیایەکانیاندا پێکهاتووە...**

**بۆپێشەوە: گوشارە بەرەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**خەسرەوسایە:** وەک وتم گوشارەکان بەرئەنجامی ئەو گورانکاریەیە کە لە هێز هاوسەنگی نێوان بەغداو هەرێم و ڕۆڵی ئەمریکاو ئێراندایە لەعیراق و ناوچەکەدا سەری هەڵداوە. بەم جۆرەش بابەتەکە وا نییە کەبەغدا لە دەستورو فیدراڵیزم پاشگەزبۆتەوە. تەنانەت دەستورو فیدرالیزمێک کەوەک ڕێگاچارەیەکی ئەمریکایی بۆ کێشەی کورد لەعیراقد کەبەرگی دیموکراسی کردنی عێراقی بەبەردا کرا، خۆی حکومەت و دەسەلاتێکی لەسەر بنەمای بەش بەشێنەی قەومی و ئاینی و تایفەگەری و هێزە میلیشیایەکانیانی هێنایە کایەوە، کەهێندە فشۆڵ و لەرزۆک بێت نەتوانێ خۆی لەبەردەم بچوکترین گۆرانکاریدا بگرێت. بەواتایەکیتر ئەگەر لەئەزمونی دەولەتانی فیدراڵکراوی وەک یوگوسلافیا و یەکیەتی سۆڤێت وچیکۆسلۆفاکیا وگەلی ولاتی تردا زیاتر لەپەنجا وبۆ ٧٠ و ٨٠ ساڵی خایاندبێت، بەلام سەرەنجام ڕوداوە جیهانی و ناوچەییەکان ئاڵوگۆڕی لەهاوکێشەی هێزدا پێکهێناوەو بەرەو هەڵوەشانەوە چووە، لەمەشدا مەسەلەکە پەشیمان بوونەوەی هیچ لایەنێک نییە. لەعێراقدا، دەستورو فیدرالیزم کاتێک پێکهات کە حکومەتی عێراق ڕوخاو هیزەکانی ناسیونالیزمی کورد لەژێر چەتری داگیرکاری ئەمریکا و تەواجودی لەعێراقدا، لەگەڵ لایەنە قەومی و ئاینی و تایفەگەرییەکاندا کەوتنە هاوکێشەیەکی سیاسیەوە و حکومەتی عێراقی فیدرالیان پێکهێنا و کورسیەکانی دەسەڵاتیان دابەش کرد، کاتێک ئەم هاوکێشەیە بەزەرەری ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد گۆڕدرا، ئەوە حکومەتی مەرکەزی و لایەنە عیراقیەکانە بۆ مەرکەزی کردنەوەی دەسەڵاتیان گوشارەکانیان توندکردۆتەوە.

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا تا چەندە کەرکوک و ناوچە کیشە لەسەرەکانی گرتۆتەوە؟ زۆرجار گوێ بیستی سیاسەتی راگواستن و تەعریب دەبین، ئەمە تا چەندە راستە؟**

**خەسرەوسایە:** ئەگەر ئەوە قەبوڵ بکەین کەگۆڕانکاری لەهاوکێشەی هێزدا روویداوە، ئەوا گوشارەکانی بەغدا نەک هەر کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی گرتۆتەوە، بگرە ناکۆکی و کێشەو ململانێی نێوان ئەحزابی دەسەڵاتدار لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا، هەموو بابەتێکی نێوانیان دەگرێتەوەو دوریش نییە لەدوریەکدا بەشەڕ و پەلاماردان‌دا بکەوێتەوە. بابەتی تەعریب و راگواستنیش بەتایبەتی لەکەرکوک و ناوچەکانی دەوربەری هەرلەم چوارچێوەیەدایە. خودی دانانی پارێزگارێکی فاشیستی وەک راکان جەبوری بەوەکالەت، بۆکەرکوک کەهەموو بڕیار و هەنگاوێکی بەنەعرەتەی قەومی لەدژی ناوچە کوردنشین و تورکمانەکانە، هاوکات خودی دەرکێشانی کەرکوک لەبازنەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو خۆی بەڵگەیەکە بۆئەوەی کەحکومەتی عیراقی بۆ زاڵکردنی دەسەڵاتەکانی بەسەر ناوچە کوردنیشنەکاندا، پشتی بەدنەدان و جیاکاری قەومی بەستوە.

> **ئەگەر ئەوە قەبوڵ بکەین کەگۆڕانکاری لەهاوکێشەی هێزدا روویداوە، ئەوا گوشارەکانی بەغدا نەك هەر كەركوك و ناوچە كێشە لەسەرەكانی گرتۆتەوە، بگرە ناكۆكی و كێشەو ململانێی نێوان ئەحزابی دەسەڵاتدار لەگەڵ دەوڵەتی مەركەزیدا، هەموو بابەتێكی نێوانیان دەگرێتەوەو دووریش نییە لەدەوریەكدا بەشەڕ و پەلاماردان‌دا بكەوێتەوە ...**

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تێکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**خەسرەو سایە:** ئەوە راستە کە بەغدا هەنگاوەکانی لەدژی هەرێم ڕووی لەمەرکەزی کردنەوەی دەسەڵاتە لەعیراقدا، هەروەها ئەوەش راستە کەپارتی و یەکێتی وحیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی تریش لەهەوڵی تەسلیم بون و گەرانەوەدان بۆ بەغدا، بەلام ئەمە بەمانای تێکەڵ بونەوەی کوردستان نایەت بەعێراقەوە، بەتایبەتی کە ئەگەر مانای "تێکەڵبوونەوە- اندماج" لەڕوانگەی خەڵکەوە وەربگرین. ئەوەی ڕوودەدات زیاتر لکاندنەوەی بەزۆرەو لەسەرو و رای خەڵکی کوردستان و عێراقەوەیە و بەرهەمی فەشەل و بنبەستی ئەو فیدرالیزمەیە کەکوردستانی "ئیلحاق" کردەوە بەعیراقەوە، بەبێ ئەوەی پرس و ڕا بەخەڵکەکی بکرێت. بەبروای من تێکەڵکردنەوەی کوردستان بەعیراقەوە، بە دوای پڕکردنەوەی ئەو قڵشتەدا دێت کەلەلایەن ئەحزابەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عیراقەوە، وەک بەرئەنجامێک لەشەڕی قەومی چەندین ساڵەی نێوانیاندا پێکهات و خەڵکی کوردستانی وەک دوژمنی خەڵکی شارەکانی عێراق وێنا کرد. ئەمەش کاتێک بەدی دێت، کەلەلایەک دەولەتێک لەعیراق دروست بێت کە هیچ ناسنامەیەکی قەومی و دینی نەبێ و دەسەڵاتێکی سکولار بێ ومافی هاولاتیان بەیەکسانی و لەدەرەوەی ناسنامە قەومیەکان بەرەسمی بۆ هەموو هاولاتیانی کوردستان و عیراق بەڕەسمی بناسێنێ، لەلایەکی ترەوە، ئەم قڵشتە کاتێک پڕ دەبێتەوە کە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی چینایەتی هاوبەش لەعیراق و کوردستاندا لەدژی ناسیونالیزم و قەومپەرستی پێ بنێتە مەیدانەوەو دەستی کرێکاران و زەحمەتکێشان هەم لەکوردستان و هەم لەشارەکانی عیراق بخاتە نێو دەستی

یەکترەوەو لەسەر بەرژەوەندی وچارەنوسی هاوبەشیان لەمەیداندا ڕایان بگرێ. بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتانەوە، نەحکومەتی عیراقی دەتوانێ خەڵکی کوردستان تێکەڵ بەدەسەڵاتەکەی خۆی بکاتەوە و نە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەتوانێ ئەم "تێکەڵ بونەوەیە" لەڕیگای دانەواندنی سەری تەسلیم بۆ لایەنە عیراقیەکان، جێبەجی بکات، بگرە هەردوولایان، سود لەئایدیۆلۆژی ناسیونالیزم و قەومپەرستی وەردەگرن و هەردوولایان لەدژی "ژیانی پێکەوەیی" خەلکی کوردستان و عێراق کار دەکەن و هۆکاری ئەم بابەتەن. ڕوداوەکانی ئەم دوایانەی شاری کەرکوک بەڵگەیەکە بۆ ئەم قسانە.

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا هەر لەدژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە، یان لە دژی خەڵکی کوردستانیشە؟**

**خەسرەو سایە:** بەبڕوای من کێشەمەکێشی نێوان بەغداو هەرێم کێشمەکێشی نێوان دوباڵ ولایەنی بۆرژوازیەو هەریەکەیان دەیەوێت مەرجەکانی خۆی بەسەر ئەوی تردا بسەپێنێ. بێگومان لەم حالەتەشدا هەردولا دەیەوێت شەڕو کێشەی نێوانیان بەشەری بەرژەوەندییەکانی خەڵک ناوزەد بکەن و بیبەنە پێشەوە، ئەحزابی بۆرژوازی کورد دەڵێت مافەکانی "گەلی کورد لەدەستوردا جێگیر کراوەو ئێمە شەری دەستور دەکەین"!. لایەنە عێراقیەکانیش دەڵێن دەستور "یەکپارچەیی خاکی عیراق"ی سەلماندوە و ئەمە خەتی سورە! و ئێمە بەرگری لێ دەکەین. بەم جۆرە هەردوولا هەوڵدەدەن شەڕو ناکۆکیەکانی نێوانیان بکەنە شەری نێوان خەڵکی کوردستان و شارەکانی عیراق، بەبێ ئەوەی ئەوان ئاگادار بن و شەڕو کێشەی ئەوان بێت. کەدیارە حالەتێکی ئاواش لەدژیان دەبێت. واتە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم لەئەبعادی خۆیدا پریشکەکانی خەڵکی کوردستانیش دەگریتەوە.

**بۆپێشەوە: بەشیک لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتی موچەخۆران، دەیانەوێت بەغدا موچەیان بداتێ و لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم نەمێنن، چەندین فراکسیۆنیش لەوانە یەکێتی و نەوەی نوێ و یەککگرتوو، کۆمەڵی دادگەری داوایان لە پەرلەمانی عێراق کردووە، کە بەغدا راستەوخۆ بە میکانیزمێکی یاسایی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان بدات، سەرەتا بڕیاری ئەم چەند فراکسیۆنە چۆن دەبینن؟ هەروەها ئایا ئەوە کێشەی موچە چارەسەر دەکات"؟**

> **نەدانی موچە کێشەیەکە، بەلام خۆ فەرمانبەرانی کوردستان هەرکێشەی موچەیان نییە، بێکاری و دانەمەزراندن، نەبونی خزمەتگوزارییەکان، پێشێلکردنی ئازادییەکان، کێشەی گرانی بازاڕ وسوتەمەنی ونەبونی دەرمان، تا ئەو هەموو باج و خەراجەی بەسەر خەڵکدا سەپێندراوە ...**

**خەسرەوسایە:** بەبروای من پێناچیت ئەم پرۆژەیە سەر بگرێت، چونکە کێشەی موچە و ئەوەی پێی دەڵێن شایستە داراییەکانی هەرێم، کێشەیەکی سیاسیە و دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ململانێ و ناکۆکییە سیاسیانەوە کە لەقەیرانی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدادا سەری هەڵداوە و دەبێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆرانکارییەی لەهاوکێشەی هێزەکاندا، کەئاماژەمان بۆکرد، پێناسە بکرێتەوە. من لەگفتوگۆیەکی تردا ئاماژەم بەوەکردوە کەحکومەتی عیراق و لایەنە عێراقیەکان بەمەبەستی داسەپاندنی مەرجەکانی خۆیان بەسەر پارتی و حزبەکانی دەسەڵاتدا، کێشە لەسەر موچەو بەشە بودجەی هەرێم دروست دەکەن تا مەرجەکانی خۆیان لەیاسای نەوت و گازدا، کەبڕیارە ببرێتە پەرلەمانی عیراقەوە، بەسەر هەرێمدا بسەپێنن و بەتەواوی نەوت و گاز لەدەست حکومەتی هەرێم دەرکێشن. هەربۆیە مەسەلەی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم کێشەیەکی قانونی و دەستوری نییە، بەتایبەتی کەخودی قانونەکان و دەستوری عیراقیش لەبەردەم هەموارکردنەوەو گۆرانکاریدایە، لەچوارچێوەی هێز و هاوسانگی تازەی نێوان حزبەکانی کوردستان و لایەنە عیراقیەکاندا. ئەگەر ئەو لایەنانەی کەئێوە ئاماژەتان پێکردوە بۆ پرۆژەکەیان باس لەدەستور و یاسای عیراقی دەکەن، ئەوا نوێنەری پارتیش لەلیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقدا، باس لەوە دەکات کەدەستورو یاسای عێراقی ڕیگە بەوە نادات کەحکومەتی هەرێم ڕاستەوخۆ بەکارتی ئەلکترۆنی موچەی فەرمانبەران بنێرێت. بۆیە کێشەی موچە وەک ناکۆکییەکی سیاسی لەنێوان حیزبەکاندا دەمێنێتەوە وچارەسەرکردنی سەختتر دەبێت.

تائەو جێگەیەی بەسەرنجی من لەسەر ئەم پرۆژەیەی کەلایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان لەبارەی موچەوە دەستیان بۆ بردوە خستنە ڕووی چەند ڕاستیەک بەپێویست دەزانم:

١/ لەگەڵ ئەوەدا ئەم پرۆژەیە لێکترازانی ڕیزی حزبەکان لەکوردستان وەک نیشانەیەک لەقەیرانی حکومەتی و فەشەلی سیستەم و دەسەلاتە هاوبەشەکەیان دەسەلمێنێ، هاوکات بەلگەی ئەوەشە کەئەو لایەنانەی ئیدعای ئۆپۆزسیۆن بوون دەکەن، لەهەمان ستراتیژ و چوارچێوەی سیاسی پارتیدا ماونەتەوە، ئەوانیش وەک پارتی سیاسەتی گەرانەوە بۆ بەغدا و درێژەدان بەهەمان ئەو سیستەم و

> **گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم لەئەبعادی خۆیدا پریشکەکانی خەڵکی کوردستانیش دەگرێتەوە ...**

دەسەلاتەی کەلەژێر ناوی دیموکراسی و پەرلەمان و دەنگدان، دەستەو تاقمی قەومی و ئاینی و تایفەگەری و هێزە میلیشیایەکانیان، کەسەراپا فاشیست و کۆنەپەرست و گەندەڵن، کۆکردۆتەوە، قبوڵکردوە. بەواتایەکیتر ئەم لایەنانە نایانەوێت شۆڕش بکەن و دەسەلاتی ئێستا بڕوخێنن، بەڵکو هەر دووقاچیان لەو چوارچێوەیەدا ماوەتەوە کە ئەویش ئیسلاحکردنی سیستەمی مەوجودە. ئەوەشی کە خۆیان بەموچەدا هەڵواسیوە بۆ ئەوەیە سواری خواستەکانی خەڵک ببن و لەهەڵبژاردنەکانی داهاتودا دەنگ بهێننەوەو کورسیەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنن. ئەمەش لەسەر حسابی ئەوەی کە خەڵکی نارازی ڕووی خۆیان لەوخەبات و جولانەوە نارەزایەتییە کەیەخەی حزبەکانی دەسەلاتی گرتوە و سیستەمی ئێستای خستۆتە ژێر پرسیارەوە وەرگێڕن و بەدیار قەرارەکانی دادگای فیدرالی و حوکمەتەکەی سودانیەوە چاوەروان بمێننەوە. لەکاتێکدا هەموان ئەوە دەزانن کە حکومەتەکەی سودانی لەسەر گەندەڵی و تالانی و داسەپاندنی دەیان ستەم و زوڵم لەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی شارەکانی عیراق دامەزراوەو بەڕێوە دەچێت.

٢/ ئەوەی کەلەم پرۆژەیەدا، نەوەی نوێ و کۆمەڵ و یەککگرتووی لەپاڵ یەکێتیدا کۆکردۆتەوە، و خۆیان وەک لایەنی ئۆپۆزسیۆن ناوزەدکردوە و گوایە خەمی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان دەخۆن، خۆی لەخۆیدا کارەساتێکی سیاسی و قێزەونە. لەکاتێکدا یەکێتی یەکێکە لەحیزبەکانی ناوحکومەت و ناوچەیەکی بەدەستەوەیەو کۆنترۆڵی هەموو داهاتەکانی لەدەستدایە. هەڵوێستێکی ئاواش سەلمینەری ئەو ڕاستیەیە کەئەم لایەنانە لەجەوهەردا سیاسەتێکی جیاوازتریان نییە لەگەڵ یەکیەتی و پارتیدا و هەموویان ئەو ئەزمونە لەدەسەڵاتدارێتیان، قەبوڵکردوە کە ژیانی فەرمانبەران و خەڵکی هەژاری کوردستانی هاڕیوە.

٣/ بەدڵنیاییەوە نەدانی موچە کێشەیەکە، بەلام خۆ فەرمانبەرانی کوردستان هەرکێشەی موچەیان نییە، بێکاری و دانەمەزراندن، نەبونی خزمەتگوزارییەکان، پێشێلکردنی ئازادییەکان، کێشەی گرانی بازاڕ وسوتەمەنی ونەبونی دەرمان، تا ئەو هەموو باج و خەراجەی بەسەر خەڵکدا سەپێندراوە... ئەی ئەم لایەنانەی خۆیان خستۆتە خانەی ئۆپۆزسیۆنەوە لەسەر ئەم کێشانە چی دەکەن!. ئایا بۆ ئەمانەش خەڵکی کوردستان هەر دەبێ چاو لە حکومەتی عێراق بەکەن تا یاساو دەستوری عیراقی ڕیگەبدات، خەڵکی کوردستان لەنەهەماتیەکانی ئێستای دەرچێت؟. ئەمە ئەو ڕەوتە چاکسازیەیە کەنایەوێت خەڵک دەست بۆ شۆڕش و گۆرانکاری ڕیشەیی وشۆڕشگێرانە لەدژی دەسەڵاتی ئەحزابی بۆرژوازی کورد و سیستەمەکەی بەرێت و لەچاوەروانیدا بەدیار بەغداوە دای بنێت، کەدیارە بەتەحەمولکردنی دەیان ساڵی تری نەهامەتییەکانی ئێستا لەسەر شانی خەڵکی کوردستان، تەواو دەبێت.

بەبروای من لەکوردستان بزوتنەوەیەکی چینایەتی لەدژی دەسەڵاتی ئەحزابی بۆرژوازی کورد بۆ موچەو نان و مەعیشەت لەئارادایە و هەموو حیزبەکان بەئێمەشەوە لەهەوڵی ئەوەدایە بەسیاسەتەکانیان ڕەنگی بکەن و رابەریەکەی بگرنە دەست. حیزبەکانی دەسەلات دەیانەوێت بەناوی چاکسازی و "مستەحەقاتی دارایی و دەستوریەوە" لەبەغدای وەربگرن. لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیش بەگەرانەوە بۆ بەغداو دادگای فیدراڵ وپەرلەمانی عێراقیەوە، واتە بەرێگای قانونی ئەم بزوتنەوەیە بخەنە ژێر سێبەری سیاسەتەکانی خۆیانەوە، بۆ حیزبی ئێمەش مەسەلەی موچەو مەعیشەت و ئەو جولانەوە نارەزایەتیەی کە بۆ باشترکردنی دۆخی ژیان و کار بەڕێ کەوتووە، وەک بنەمایەکی کۆمەڵایەتی لەدژی دەسەڵات و هوشیارکردنەوەو ڕیکخراوبوونی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان سەرنج دەدەین تا هێزی ئەوە بەدەست بهێنێت کەکۆمەلگەی کوردستان بەرەو ئالۆگۆڕێکی ڕیشەیی و شۆڕشگێرانەی وابەرێت کەنەک دەسەلات و سیستەمەی ئێستا هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو بەرێوەبردنی کۆمەلگە بەنوێنەران و حاکمیەتی جەماوەری بسپێرێت. لەسەرێکی تریشەوە ئەوە بڵێم لە کوردستان نەقسی سەرمایەو داهاتی نییە، حکومەتی هەرێم دەتوانێ بەو داهاتانەی کەلەدەست حیزبەکان و کۆمپانیاکاندایە، نەک هەر موچەی فەرمانبەران بدرێ، بەڵکو ئەگەر دەسەڵات لەدەست خەڵکدا بێت، دەکرێ لەڕیشەوە سیستمێک دامەزرێ کەنان و بژیوی و ژیانێکی باشتری پێ دابین بکرێ بۆ خەلک. بۆیە من پێموایە موچەخۆران و خەڵکی نارازی دەبێ یەخەی دەسەلاتداران هەم لەکوردستان و هەم لەعیراق بگرن و موچەو قوتی خۆیان لەبازنەی کێشمەکێشی حزبەکان چ لەکوردستان و چ لەعێراق دەرکێشن و بەدیار هەولی نەزۆکانەی ئەو لایەنانەوە دانەنیشن کەبەرواڵەت ئۆپۆزسیۆنن و لەپشتیشەوە خۆیان بەحکومەتەکەی سودانی و فاشیستگەلێکی وەک یوسف کیلابی و مالیکی و عامری وعەبادی وئەوانیترەوە گرێداوەتەوە...

ماویەتی

## درێژەی... شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان..

ئاژیتاتۆری ئاشکرای حیزبی، یەکێکە لەم پێداویستییە حەیاتییانە. پەیوەندی پتەوی ڕێکخراوی نهێنی (لە ڕووی سیاسی_ ڕێکخراوەیی و ئەمنییەتییەوە) لەگەڵ ئاژیتاتۆری ئاشکرا، یەکێکی ترە لەم هەلومەرجە حەیاتییە. هەنووکە هەر هاوڕێیەکی ئێمە دەتوانێت بە شانە و بە ڕێکخراوی ناوچەیی خۆیدا بڕوانێ و سەرلەنوێ لە خۆی بپرسێت، تا چ ڕادەیەک لەم ڕووەوە ئێمە لەم سەرەتاییترین پێداویستییانەی دەخاڵەتی ئوسوڵی و بەردەوامکاریە، لە ئاکسیۆنە کرێکارییەکاندا بەهرەمەندین.

ئەم بەشەی وتارەکە لێرەدا کۆتایی پێ دێنین. لەم بەشەدا جەخت لەسەر ئەوە کرا، کە مەسەلەی دەخاڵەت لە ئاکسیۆنەکاندا بۆ ئێمە مەسەلەیەکی تیۆری و تاکتیکی نییە، بەڵکە لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی شێوەکارییە. ئەگەر بەربەستێک لە ئارادا بێت، پێویستە بە لێووردبوونەوەی شێوەکاری کۆمۆنیستی لا ببرێت. ئاکسیۆنی کرێکاری پێویستی بە ڕابەرایەتی ئاشکرایە (سەرەڕای نهێنی)، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ شێوەکانی دەخاڵەتی ئاشکرا فێر بین و بە کاری بهێنین. بەڵام دەخاڵەتی ئاشکرا پێویستی بە کەسانی عەلەنیکار و ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییەکان لە بزووتنەوەی کرێکاریدایە. ئەمڕۆ ئەم ئاژیتاتۆرانە لە ڕیزەکانی ئێمەدا زۆر کەمن. ڕێگای پەروەردە و ڕاکێشانی ئەم جۆرە هەڵسووڕاوانە تەوەرەبەستنە بە دەوری ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری و کرێکارانی پێشڕەو و کەسانی پڕ شۆڕ و شەوق و خاوەن نارەزایەتی، ئامادە و لەسەرڕێ لە بزووتنەوەی کرێکاریدا، بەو مەبەستەی ببنە ئاژیتاتۆری حیزبی، هەر وەها ئەم کارە پێویستی بە تێگەیشتنی جۆری ئەو پەیوەندییە ڕێکخراوەییەیە، کە ڕێکخراوی نهێنی حیزبی لەگەڵ کەسانی عەلەنیکاری خۆیدا پێکی دەهێنێ.

لە بەشی دواییدا دێینە سەر ئەم لایەنەی دواتر، واتە لایەنی ڕێکخراوەیی مەسەلەکە و بە شێوەیەکی موشەخەس چەند خاڵێک دەربارەی پەیوەندی عەمەلیی ئاژیتاتۆر بە شانە و ڕێکخراوی نهێنی حیزبەوە دەخەینە ڕوو، وە لە کۆتایی باسەکەدا بە مەبەستی ڕۆشنکردنەوەی سەرخەتی هەنگاوە عەمەلییەکانی شانە حیزبییەکان لەم لایەنەوە بابەتەکە گەڵاڵە دەکەین.

**ماویەتی**

# لە بۆپێشەووە

**☸ بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

**☸ بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

**☸ بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

- **درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**
-

**☸ ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

## درێژەی .... دوا وتە

کردەوە خۆکوژییەی هێزەکانی پەکەکە ئەنجامیان داو وەکو شێوازێکی تۆڵەکردنەوە پەیرەوی لێدەکەن... لانی کەم ئەم لیکەوتانە بەدوای خۆیدا دەهێنێت:

١/ دەوڵەتی تورکیا، چ بۆئەوەی پاساو بۆ کردەوە سەرکوتگەری و تیرۆریستیەکانی خۆی بهێنێنێتەوە و چ بۆئەوەی پەکەکە وەکو هێزێکی تیرۆریستی بەدنیا بناسێنێت، زۆر دەمێکە لە هەوڵدایە کە پەکەکە وەکو هیزیکی تیرۆریستی بەدنیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بناسێنێت و چالاکیەکانی یاساغ بکات، ئەم کردەوە تیرۆریستییە خزمەتێکی گەورەی بەو سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا کرد. تورکیا وەکو بەڵگەیەکی ئاشکراو حاشاهەڵنەگر ئەم کردەوە خۆکوژییە نیشانی ئەو وڵات و لایەنانە دەدات، کە گومانیان لە لێدوانەکانی تورکیا هەبوو سەبارەت بە تیرۆریست ناساندنی پەکەکە، بەمەش نەک تەنها وڵات و دەوڵەتە بەرژەوەند خوازەکان، بەڵکو رای گشتی ئەو وڵاتانەش بەدژی پەکەکە هەڵدەخرێنێ.

٢/ دەوڵەتی تورکیا لە بەرامبەر بە یەپەگەو دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لە کوردستانی سوریادا، دەستی ئاوەڵاتر دەبێت، بە پاساوی نزیکی یەپەگە لە خەتی پەکەکە، ئەگەر تا ئیستا تورکیا بەهۆی گوشار و ئامادەیی هیزەکانی ئەمریکا و روسیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستپارێزی کردووە نەیتوانیووە ئەوەی دەیەوێت ئەنجامی بدات، لەمە بەدوا دەستی بۆ دەبات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وەکو پێشوو ناتوانێت کاردانەوەی هەبێت، واتە ئەم کردەوە خۆکوژییەی پەکەکە راستەوخۆ خزمەتی بەدەوڵەتی تورکیا کرد، بۆ ئەوەی بەدەست ئاوەڵاییەوە لەدژی دەسەڵاتی خۆسەری لە کوردستانی سوریادا، هەنگاو بنێت و دەست پاریزی نەکات.

٣/ دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت لە رێگای ئەو کردەوە خۆکوژیەی پەکەکە ئەنجامیدا، دەوڵەتی عێراق و هیزە سیاسیەکانی هەرێم رازی بکات کە پەکەکە وەکو هیزێکی تیرۆریستی بناسن و بنکەو بارەگاو چالاکیەکانیان یاساغ بکەن و کادرو هەڵسوڕاوانیان، رادەستی تورکیا بکەنەوە و لەبەرامبەر بەهیرشەکانیشدا هاوکار و بێدەنگ بن، بەپاساوی لێدان لە تیرۆریزم.

٤/ ئەگەر دەوڵەت و کردەوەکانی سوپا و هیزەکانی تورکیا بە کردەوەی تیرۆریستی ناسراون، ئەوان ئەم کاردانەوەیەی پەکەکەش، جگە لە کردەوەیەکی تیرۆریستی هیچ مانایەکی تری نییە... واتە تیرۆریزمی دەوڵەتی لەگەڵ تیرۆریزمی هیزی نەیاری ئۆپۆزیسیۆن، ئەمەش پەکەکە دەکاتە هاوشانی گروپە تیرۆریستییە داعشی و ئیسلامیەکان.

٥/ لە روانگەی خەڵکی ئازادیخوازی تورکیا و کوردستان تورکیاشەوە، ئەم کردەوە تیرۆریستییە هیچ تەبایەکی لەگەڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی تورکیا و رزگاریخوازی خەڵکی کوردستانەوە نییە و دوور و نزیک ئەم شیوازە خزمەت بە چارەسەری کیشەی کورد نەک ناکات، بەڵکو دەبێتە کۆسپێک لەسەر رێگای چارەسەر کردنی...

هەموو ئەمانە، بە سودی تورکیای تیرۆریست و هاوکات خستنەڕووی پەکەکەیە وەکو هیزێک کە دەست بۆ کردەوەی تیرۆریستی دەبات، ئەمەش ئەو راستییە دوبارەو سەد بارە دەکاتەوە، کە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، هیچ کام لە بەش و لایەنەکانی، بەهەر روپۆشیکەوە خۆی نمایش بکات، هیچ رەگەو تروسکایەک لە شۆرشگێر بوون و پێشکەوتنخواز بوونی پیوە نەماوە. کردەوەی تیرۆریستی و خۆکوژی بەناوی ئەللەو ئەکبەرەوە بکرێت یان بەناوی ئەی رەقیب و بوون و ئاپۆە... هیچ لەو راستیە ناگۆڕیت کە شێوازیکی نا ئینسانی و کوێرانەی ئینسان کوژییە.

پەکەکە کە لەژێر زبری گوشاری نێو دەوڵەتی و گوشاری سەربازی و تورکیا و کردەوەی درویێنەی درۆنەکاندا، ئەوەی لە نەخشەیدا نییە خەباتی شاری و جەماوەرییە، هیچ لەوە سادەتر نییە لەدۆخێکی ئاوا ئەزمەگرتوو وە پاشەکشەکردندا، دەست بۆ هەموو شیوازێک ببات، تا ئەو رادەیەی دەست بۆ هەمان چەکە ببات کە دەوڵەتی تورکیای تیرۆریست، بەدەستیەوە گرتووە. دیارە ئەوەی پەکەکە بەو کردەوە تیرۆریستیە کردی، چەندین ئامانجی تورکیای بەدی هێنا...

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید


نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

نەوازد عومەر، بەندی عەلی، بنار مستەفا، هاوژین ڕەشید، خەسرەو سایە، وریای ڕەسام، ئارام حەمە ساڵح، کاوان قادر، توانا حەمە نوری، ئاراس ڕەشید، عوسمان محەمەد، عەبدوڵا مەحمود، جەما ل نوری...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئایندی سیاسی کوردستان"...

Forward

# زەنگ!!... هۆنراوە: بەندی عەلی



(زەنگ)

جیهان لەسەر

بۆمبێکی کاتی خەوتووەو

جەنگ دەچرپێتە بە گوێدا ؛

بەیانیت باش !

..........................

(جیاوازی)

جەنگ کورتترین

ڕێیە بەرەو شاری دۆزەخ..

بەهەشتێکیش چێدەکا بۆ

ئیماندارەکانی تەقوای

دونیای سەروو ماڵی فانی !

..........................

(فریودان)

جەنگ کۆنترین

درۆی چاوزەق واعیزە کوێرەکانە

بۆ ژیانی بێ کۆتایی ئەودیو مردن !

..........................

(ئەنجام)

جەنگ دوو جۆرە لە

پرکردن،

گۆڕەکان، بە جەستەی

سری

سەربازە بێ ناوەکان و

گیرفانی جامبازە بێ ناسنامەکانیش

بە شاباشی بارانی خوێن !!

..................................

( شۆفێنیزم )

ئەوەی لەجەنگ چێدەمێنێ

ڕقێکی ڕەقترە لەبەرد..

ڕێژنەبارانی سەدەیەك،

کونێکی گچکەلەی تێدا هەڵناکۆڵێ !

## دوا وتە

# پەکەکەو کردەوەی خۆکوژی...

## عەبدوڵا مەحمود

لەم ڕۆژانەی رابردودا، گروپێکی پەکەکە کردەوەیەکی خۆکوژیان لەنزیک وەزارەتی ناوخۆ تورکیا لە ئەنقەرە ئەنجامداو دواتریش پەکەکە بەرپرسیاریەتی تەقینەوەکەی گرتە ئەستۆ خۆی و لەوەش زیاتر وەکو سەرکەوتنێکی گەورە خستیانە ڕوو.

دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، چ لە ناوخۆی تورکیا و دەرەوەی سنورەکان لەدژی خەڵکی کوردستان و چ لە دژی پەکەکەو ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆنن، خاوەنی مێژوویەکی نەنگینی دڕندانەی ئینسان کوژییە و دەست پارێزی ناکات. بەم دوایانەش ئاستی هێرش و کردەوە تیرۆریستی و دڕۆنییەکانی، بەرەو سەر بردووە و لەو نێوەدا کەوتۆتە دروێنەی کادر و بەرپرسانی پەکەکەو لایەنگرانیان و کەم ڕۆژ هەیە چەندین کەسیان تیرۆر نەکرێن.

چ هێرشی بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر خەڵکی کوردستان لەناوخۆی تورکیا و دەرەوەی سنورەکانی، چ هێرش و کردەوە تیرۆریستیەکانی بۆسەر هێزەکانی پەکەکەو پەیڕەوانی لە جێگاکانی تر بە جێگایەک گەیشتووە، کە بۆتە جێگای نەفرەتی هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازو ئینسان دۆست. لە هەلومەرجێکی ئاوادا دەستبردنی پەکەکە بۆ کردەوەی خۆکوژی، خۆکوژییەکی ئاشکرای پەکەکەیە، لە دۆخێکدا نەک کۆمەک بە دەربازبوونی پەکەکە لەو دۆخەی تێی کەوتووە ناکات، بەڵکو ڕووبەرووی دەکاتەوە لەگەڵ دۆخێکی یەکجار سەختر و لەوەش زیاتر دەستی فاشیزمی تورکیا هێندەی تر ئاوەڵا دەکات، نەک تەنها بۆ بردنەسەری کردەوە تیرۆریستیەکانی و فراوانکردنی، بەڵکو بۆ ڕەوایەتی بەخشین بەکردەوەکانیشی.

ئەگەر پەکەکە لەژێر گوشاری گورزە تیرۆریستییە بەردەوامەکانی بۆسەر بنکەو بارەگاو کادر و هەڵسوڕوانی ڕێگای کردەوەی خۆکوژی وەکو چالاکیەکی تۆڵە سەندنەوە بەدەستەوە گرتووە، ئەوا گوزە سیاسیی و دیبلۆماسی و نێودەوڵەتیەکانی تورکیا، لەچاو کردەوە تیرۆریستیەکانی سەد بەرابەر زیاتر دەبێت، نەک تەنها بۆسەر پەکەکە، بەڵکو بۆ سەر خەڵکی کوردستان و هاوکات بۆسەر سەرجەم ئەو هیزو ڕەوتانەی لە پەکەکەوە نزیکن. ئەو

بۆ لاپەڕە 16

# بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای ڕەسام

